تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

لە ماڵ پارێزاو دەبین

XEBAT

خەبات

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5966) پێنج شەممە 2ی تەموز 2020 «12» لاپەرە «500» دینار

ئەنجومەنی وەزیران گفتوگۆ دەربارەی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی و ڕێکخستنەوەی سیستەمی باج و پەرەپێدانی کەرتی تایبەت دەکات

ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گفتوگۆکانی لە گەڵ حکومەتی فیدرالی بەردەوام بێت بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێک کە ماف و شایستە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستانی تێدا پارێزراو بێت



دوێنێ چوارشەممە 2020/7/1 ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و بەشداربوونی قوباد تالەبانی جێگری سەرۆکی ئەنجومەن ، لە ڕێگەی ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە کۆبووەوە.

لە دەستپێکی کۆبوونەوەکەدا جێگری سەرۆک وەزیران ڕاپۆرتێکی دەربارەی ئەنجامی گفتوگۆکانی حکومەتی هەرێم لە گەڵ حکومەتی فیدرالی و پێشنیارەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەرسێردراوەکان خستەڕوو، سوپاسی شاندی دانوستانکاری هەرێمیشی کرد بۆ داکۆکیکردن لە مافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان. ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گفتوگۆکان بەردەوام بێت بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێک کە ماف و شایستە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستانی تێدا پارێزراو بێت.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

ئینتیفاز قەنبەر: پێویستە سوننەی عێراق بەپشتیوانی کورد داوای جێبەجێکردنی سیستمی فیدرالی بکەن



کەسایەتییەکی عێراقی ئاماژە بە خراپبوونی ڕەوشی عێراق و بەرزبوونەوەی کێشەی هەرەشەکانی ئێران لەسەر دەوڵەتی عێراق دەکات و لە باسکردنی کێشەی عەرەبی سوننەش دەڵێ: ئەگەر سوننەی عێراق یەکنەگرن و بە پشتیوانی کورد داوای جێبەجێکردنی سیستمی فیدرالی نەکەن ئەوە کەرکووک و ئەنبار و مووسڵ و سەلاحەدینیش دەکەوێتە ژێر هەیمەنەی تاران. (زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

لە ئایندەیەکی نزیکدا شاندی حکومەتی هەرێم سەردانی بەغدا دەکاتەوە

جووتیار عادل: ئەمڕۆ ڕۆژێکی مێژوویییە و حکوومەتی هەرێم بڕیاری زۆر گرنگی دەرکرد



گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، جووتیار عادل، زانیاری لە بارەی ناوەڕۆکی کۆبوونەوەی دوێنێ چوارشەممەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان خستەڕوو و ڕایگەیاند، لە کۆبوونەوەکە بڕیاری زۆر گرنگ دەرکران.

دوای کۆبوونەوەی دوێنێ چوارشەممە 1-7-2020 حکوومەتی هەرێمی کوردستان، جووتیار عادل کۆنفرانسێکی میدیایی ڕێکخست و لەو میانەیەدا، گوتی: ئەمڕۆ ڕۆژێکی مێژوویییە لە بواری پرسی چاکسازی و لە سەرەتای دەستبەکاربوونی حکوومەتەوە، ئەو یاسایە پڕۆژەی حکوومەت بوو و پێشکەش بە پەرلەمان کرا و ئەو یاسایە پێویستی بە چەندین پەیڕەو هەبوو بۆ جێبەجێکردنی و ئەمڕۆ چووە بواری جێبەجێکردنەوە و لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆدا چەندین بڕیاری گرنگ دەرکران.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

بەڕێرسێکی یەکێتی: دەبێت هەموومان شان بدەینە بەر جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

خەبات وردەکاری بەناوکردنی خانووە زێدەڕۆییەکان بڵاو دەکاتەوە

(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)

دۆخی خزمەتگوزاری لە گەڕەکە کوردییەکانی کەرکووک لەوپەڕی خراپی دایە

هاوواڵاتیانی گەڕەکە کوردییەکانی شاری کەرکووک، بەتایبەت بێ تاپۆکان گلەیی لە دەسەڵاتدارانی شارەکە دەکەن لەسەر ئەوەی دەستی ئاوەدانی ناگەیەنە سنووری گەڕەکەکانیان و بەڕێوەبەری شارەوانیی کەرکووک ڕایدەگەیەنێت، بە بڕیاری وەزارەتی پلاندانانی عێراق ناتوانێ خزمەتگوزاری لە گەڕەکە کوردنشینەکە بێ تاپۆکان ئەنجام بدەین. (زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)



27 کۆڵبەر بە تەقەی هێزە چەکدارەکانی ئێران و تورکیا بوونەتە قوربانی

مانگی ڕابردوو، لانیکەم 27کۆڵبەر و کاسبکار بە تەقەی هێزە چەکدارەکانی ئێران و تورکیا لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کوژراون، یان بریندار بوون. (زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)





هونەرمەندان گۆرانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا دەڵێن


(زیاتر لە ل12 بخوێنەوە)



ئەنجومەنی وەزیران گفتوگۆ دەربارەی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی و ڕێکخستنەوەی سیستەمی باج و پەرەپێدانی کەرتی تایبەت دەکات

ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گفتوگۆکانی لە گەڵ حکومەتی فیدرالی بەردەوام بێت بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێک کە ماف و شایستە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستانی تێدا پارێزراو بێت

ئەنجومەنی وەزیران پەیڕەو و چوارچێوەی یاسایی پەرەپێدانی هاوبەشی هەردوو کەرتی تایبەتی و گشتی پەسەند کرد



دوێنێ چوارشەمە /2020/7 1 ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرپەرشتی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و بەشداربوونی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی ئەنجومەن ، لە ڕێگەی قیدیۆ کۆنفرانسەوە کۆبوونەوە.

لە دەستپێکی کۆبوونەوەکەدا جێگری سەرۆک وەزیران ڕاپۆرتێکی دەربارەی ئەنجامی گفتوگۆکانی حکومەتی هەرێم لە گەڵ حکومەتی فیدرالی و پێشنیارەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەرسێردراوەکان خستەڕوو، سوپاسی شاندی دانوستانکاری هەرێمیشی کرد بۆ داکۆکیکردن لە مافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان. ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گفتوگۆکان بەردەوام بێت بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێک کە مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستانی تێدا پارێزراو بێت.

پاشان عەبدولحەکیم خسرۆ سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون و سکرتێری لیژنەی باڵای چاکسازی ڕاپۆرتێکی دەربارەی هەنگاوە کردەییەکانی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی خستەڕوو کە دوێنێ 1ی تەموز کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، دواتر وەزیری دارایی و ئابووری میکانیزم و ڕێکارەکانی ئەو ڕێنماییە دارایانەی خستەڕوو کە لە بەرواری 2020/6/29دەرکراون بۆ جێبەجێکردنی یاسای چاکسازیی.

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان جەختی لەوە کردەوە کە چاکسازی لە هەموو کەرتەکاندا دەکرێت و پرۆسەیەکی بەردەوامە . ئامانجیش لە چاکسازی کە خواستی زۆرینەی خەڵکی کوردستانە، هێنانەدی دادپەروەری و پاراستنی مافی مووچەخۆرانی شایستە و ڕاستەقینەیە.

لە بڕگەیەکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا دارا ڕەشید وەزیری پلاندانان، ڕەشنووسی پەیڕەو و چوارچێوەی یاسایی پەرەپێدانی هاوبەشی هەردوو کەرتی تایبەتی و گشتی (Public -Private Partnership) و چەندین پێشنیار بۆ پەرەپێدانی کەرتی تایبەت خستەڕوو ، ئەنجومەنی وەزیران دوای گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە، سوپاسی وەزارەتی پلاندانانی کرد و بە کۆی دەنگ پەیڕەوەکە و پێشنیارەکانی پەسەند کرد کە دەبێتە بنەمای یاسایی بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە هاوبەشەکانی کەرتی گشتی وتایبەت بە ڕەچاوکردنی ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان بۆ کۆمپانیاکان وکێبڕکێ و بەرژەوەندی گشتی هاوواڵتیان و پەیڕەوکردنی پێوەرە دارایی وتەکنیکیی و یاسایی کارپێکراوەکان بەجۆرێک لە خزمەتی پرۆژە گشتییە خزمەتگوزارییەکان بێت.

دواتر سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران ئامانج ڕەحیم سەرۆکی لیژنەی ڕاسپێردراو بە پێداچوونەوەی باج ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلی دەربارەی ئەنجامی کاری دیراسەکردن و پێداچوونەوەی لیژنەی ڕێکخستنەوەی سیستەمی باجی لە هەرێم خستەڕوو ، کە لەسەر ئاستی ستراتیژی و درێژخەیان دەستنیشانی پلانی چاکسازیی باجی کردبوو ، لەبەشێکی دیکەشدا پلانی هەنووکەیی بۆ چاکسازیی لە بواری باج خستەڕوو، لە دوای گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە ئەنجومەنی وەزیران سەرەڕای دەستخۆشی لە سکرتێری ئەنجومەن و ئەندامانی لیژنەکە، بە کۆی دەنگ سەرجەم ڕاسپاردەکانی لیژنەکەی پەسەندکرد بە ئاراستەی هەڵوەشاندنەوەی هەر لێخۆشبوونێکی باج ئەگەر لە دەرەوەی یاساکان درابێت و هەرچی زوو جێبەجێکردنی پەیرەوی پیادەکردنی پیشەی ژمێریاری یاسایی و کاری ووردبینی پرۆژە بازرگانییەکان بۆ ئەوەی ژمێریارە یاساییەکان بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ بگرن و بۆ بەرگرتن لەخۆدزینەوە لە پێدانی باج، و پابەندکردنی کۆمپانیاکان بە پێدانی باج و وەرگرتنی ڕێکاریی یاسایی بەرامبەر ئەو کەس و کۆمپانیایانەی خۆیان لە پێدانی باج دەدزنەوە یان مۆڵەتەکانی لێخۆشبوونی باج بە پێی یاسا بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان خراپ بەکاردەهێنن. سەرەڕای کارکردن بۆ داڕشتنی یاسایەکی نوێ بۆ باج و سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیای زانیاری بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی باجدەران و نەهێشتنی بیرۆکراسی و ڕووتینی بەڕێوەرایەتییەکانی باج و بڕەودان بە شەفافیەت.

دۆخی خزمەتگوزاری لە گەڕەکە کوردییەکانی کەرکووک لەوپەڕی خراپی دایە

هاوواڵتیانی گەڕەکە کوردییەکانی شاری کەرکووک، بەتایبەت بێ تاپۆکان گلەیی لە دەسەڵاتدارانی شارەکە دەکەن لەسەر ئەوەی دەستی ئاوەدانی ناگەیەنن سنووری گەڕەکەکانیان و بەڕێوەبەری شارەوانیی کەرکووک، بە خەباتی ڕاگەیاند: "پاککردنەوەی شاری کەرکووک لە زبڵ و خۆڵ و خاشاک وەک پێویست نییە، بەڵام بەو پارەیەی کە تەرخان کراوە بۆ ئەو مەبەستە کە بڕەکەی لە مانگێکدا 200ملیۆن دینارە زۆر کەمە، چونکە پێشتر یەک ملیار دینار بووە، بەڵام وەکوو ئاستی خزمەتگوزارییەکانی دیکە لە شارەکە باش نییە.



لەبارەی ئەوەی دانیشتوانی گەڕەکە کوردییەکان گلەیی ئەوە دەکەن کە شارەوانی ناگاتە سنووری گەڕەکەکانیان بۆ هەڵگرتنی خۆڵ و خاشاک، بەڕێوەبەری شارەوانیی کەرکووک کە شەش مانگ پێش ئێستا لەجیاتی کوردێک لەو پۆستە دانراوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ڕەنگە بەهۆی ئەوەوە بێت کە بەشێک لەو گەڕەکانە قیرتاو نەکرابن کە کارمەندەکانی هەڵگرتنی خۆڵ و خاشاک هەندێ جار ناتوانن بگەنە ئەو شوێنانە و ئێمە بە گوێرەی ئەو پارەیە کار دەکەین کە مانگانە بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کراوە کە بڕەکەی کەمە.

هاوکات، لەبارەی قیرتاوکردن و سەبەکردنی کۆڵانەکانی گەڕەکە کوردییە بێ تاپۆکان، بەڕێوەبەری شارەوانی کەرکووک گوتی: ئەوەیان لای ئێمە نییە بۆمان نییە بیکەین، بە بڕیاری وەزارەتی پلاندانانی عێراق، بەداخەوە لە بەغداوە ئەو فەرمانە تا ئێستا پووچەڵ نەکراوەتەوە کە کاری لایەنە سیاسییەکانە کە کار بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو فەرمانە بکەن. جێی باسە لە شاری کەرکووک 14گەڕەکی گەورەی بێ تاپۆ هەیە کە زۆرینەی دانیشتوانی ئەو گەڕەکانەی بێ تاپۆن و لە بەشی زۆری ئەو ئاوارانەی کەرکووک پێکهاتوون کە لە دوای ساڵی 2003ەوە گەڕانەوە بۆ شارەکەیان و کوردن، ئێستا ئەو گەڕەکانە زیاتر فەرامۆش کراون، هەروەها دەستی ئاوەدانیان بۆ دڕێژ نەکراوەتەوە.

ئەرکان ڕەئووف، هەڵوەشانەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان دژ بە خەباتی پێشمەرگە دەزانێ و نیگەرانە لەو دەنگە نەشازانە

ئەوانەی بۆ کوردستان ماندوو بوون، بۆیان هەیە بڕیار لە سەر داهاتووی کوردستان بدەن، نەک بەکرێگیراو و خائینان



ساسان دەرویش – هۆڵەندا

لە دوای چەند دەنگێکی نەشاز لەلایەن هەندێ کەس و لایەن بۆ هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی دەستووریی هەرێمی کوردستان، لەلایەن خانەوادەی شەهیدان و پێشمەرگەو خاوەن قوربانییەکانی کوردستان کاردانەوەی زۆری لێکەوتەوەو زۆرینەیان بەشێوازی جیاجیا نیگەرانی خۆیان دەربڕی و داوایان کرد لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێ . ئەرکان ڕەئووفیش یەکێکە لە پێشمەرگە دێرینەکانی شاخ کە هەموو گەنجێتی خۆی لە خەباتکردن و پێشمەرگایەتی بەسەربردووە و خانەوادەکەشی قوربانی زۆریان داوە بۆ ئەم ئازادییەی ئەمڕۆی کوردستان، ناوبراو لەمبارەیەوە بۆ خەبات دواو گوتی: ئەوانەی بۆ کوردستان ماندوو بوون، بۆیان هەیە بڕیار لە سەر داهاتووی کوردستان بدەن، بەکرێگیراو و خائینان دەبێت وەک شۆڕشی جەزائیریان لێ بکریت کە ناپاکەکانیان بۆ هەتا هەتایە لە وڵات دەرکرد. منیش وەک پێشمەرگەیەکی شاخ و وەک کەسێک کە تەمەنی گەنجیم لە ڕێی ڕزگاری و سەربەرزیی گەل و نیشتمانەکەم سەرف کردووە و بۆ کوردستانەکەم ماندوو بووم و خۆم بە خاوەنی دەزانم، ئێستاو داهاتووش وەک ڕابردوو بە خوێن هەتا ماوم هەمان پارێزگاری لێ دەکەم تا گەیشتن بە ڕزگاری یەکجاری و سەربەخۆیی. ئەو هەقەم هەیە و دەتوانم بڵێم، هەرێمی کوردستان مووڵکی هیچ کەس و حیزب و لایەنێک نییە. هەرێم بە خوێن و ئەنفال و کیمیاباران و ماڵوێرانی و تێکۆشانی هەزاران ڕۆڵەی ئەو وڵاتە دروست بووە. بە خەباتی شاخ و خۆڕاگریی پێشمەرگە ئەو هەرێمە دروستبووە، کەس ناتوانیت ئینکاری لە گەندەڵی و نادادپەروەری بکات، بەداخەوە لەم هەلومەرجەی ئێستای کوردستان و قەیرانەکانی هەندێک کەس و لایەن بەناوی دڵسۆزی بۆ کوردستان و فریودانی خەڵک خەریکی پیلانگێڕین دژ بەم هەرێمە بەخوێن سوورىووەی خوێنی شەهیدان، ئەمانە هیچیان یەک کاتژمێر بۆ کورد ماندوونەبوون و هاتوونەتە سەرحازری و بوونەتە دەنگی نەشاز لەنێو کۆمەڵگەکەمان بەداخەوە کە یاسایەک نییە بۆ لێپێچینەوەیان و دادگاییکردنیان کە دژبە ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەجوڵێنەوە چونکە ئەمە بەخیانەت دەژمێردرێت. بۆیە ئەرکی سەرشانی دڵسۆزانە، بێ دەنگ نەبن لە بەرانبەر خائین و بەکرێگیراو و خاکفرۆشان و نەهێڵن پێی گڵاویان بخەنە سەر خاکی پیرۆزی کوردستان. پێویستە دادگایەکی نیشتمانی هەبێت، ئەوەی دژی هەرێمە دەبێت ریسواو دەربەدەر بکرێت.

مانگی ڕابردوو 27 کۆڵبەر لە سنوورەکانی کوردستان بە تەقەی هێزە چەکدارەکانی ئێران و تورکیا بوونەتە قوربانی



مانگی ڕابردوو، لانیکەم 27کۆڵبەر و کاسبکار بە تەقەی هێزە چەکدارەکانی ئێران و تورکیا لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کوژراون، یان بریندار بوون. لەمبارەوە ئەرسەلان یار ئەحمەدی سەرۆکی ڕێکخراوی (هەنگاو) بۆ مافەکانی مرۆڤ بە خەباتی ڕاگەیاند لە مانگی ڕابردووا، لانیکەم 27کۆڵبەر لە سنوورەکانی کوردستان بوونەتە قوربانی و کوژراون و بریندار کراون کە 89ی ئەو حاڵەتانە بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی ئێران و تورکیا بووە.

لە ئایندەیەکی نزیکدا شاندی حکوومەتی هەرێم سەردانی بەغدا دەکاتەوە

جووتیار عادل: ئەمرۆ رۆژێکی مێژوویی و حکوومەتی هەرێم بڕیاری زۆر گرنگی دەرکرد

سەرجەم بڕیارەکان بە کۆدەنگ دەرکراون، تەنیا یەک بڕیار نەبێت، کە یەک وەزیر لەگەڵی نەبووە

ستراتیژی حکوومەتی هەرێم بۆ هەر گفتوگۆیەک لەگەڵ عێراق، لەسەر بناغەی دەستوور دەبێت

گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، جووتیار عادل، زانیاری لە بارەی ناوەرۆکی کۆبوونەوەی دوێنێ چوارشەممەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان خستەڕوو و رایگەیاند، لە کۆبوونەوەکە بڕیاری زۆر گرنگ دەرکران. دوای کۆبوونەوەی دوێنێ چوارشەممە 2020/7/1 حکوومەتی هەرێمی کوردستان، جووتیار عادل کۆنفرانسێکی میدیایی رێکخست و لەو میانەیەدا، گوتی: ئەمرۆ رۆژێکی مێژوویی لە بواری پرسی چاکسازی و لە سەرەتای دەستبەکاربوونی حکوومەتەوە، ئەو یاسایە پرۆژەی حکوومەت بوو و پێشکەش بە پەرلەمان کرا و ئەو یاسایە پێویستی بە چەندین پەیرەو هەبوو بۆ جێبەجێکردنی و ئەمرۆ چووە بواری جێبەجێکردنەوە و لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆدا چەندین بڕیاری گرنگ دەرکران.



هەروەها گوتی: کۆبوونەوەی ئەمڕۆ بە سەرۆکایەتی سەرۆکی حکوومەت و جێگری سەرۆکی حکوومەت و سەرجەم وەزیرەکان بەڕێوەچوو و سەرجەم بڕیارەکان بە کۆدەنگ دەرکراون، تەنیا یەک بڕیار نەبێت، کە یەک وەزیر لەگەڵی نەبووە. حکوومەتی هەرێم لەم چوارچێوەیەدا بەردەوام دەبێت لە پرۆسەی چاکسازی، کە ئامانجی ئەم پرۆسەیە دابەروەری و چەسپاندنی شایستەی دارایی فەرمانبەران و میراتگرانی شەهید و ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسییە. رێکاری گرنگ دەگیرێتە بەر.

ڕوونیشیکردەوە، لە بڕگەی یەکەمی کۆبوونەوەکەدا باس لە گفتوگۆی نێوان هەولێر و بەغدا کرا. ئێمە لە سەرەتاوە بە نیازپاکی سەردانی بەغدامان کرد و گفتوگۆکانیشمان بەردەوام دەبێت بۆ بەدەستهێنانی شایستە داراییەکان. شاندی حکوومەتی هەرێم بە سەرۆکایەتی قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکوومەت سەردانی بەغدای کرد و باس لە پرسی بودجە و مووچە و نەوت کراوە و بیرورا ئاڵوگۆڕ کراوە و لە ئایندەیەکی نزیکدا شاندی حکوومەتی هەرێم سەردانی بەغدا دەکاتەوە. ستراتیژی حکوومەتی هەرێم بۆ هەر گفتوگۆیەک لەگەڵ عێراق، لەسەر بناغەی دەستوور دەبێت.

سەبارەت بە تەوەری دووەمی کۆبوونەوەکەش، گوتەبێژی حکوومەت گوتی: بابەتی دووەمی گفتوگۆی ئەنجوومەنی وەزیران دامەزراندنی بەڕێوبەرایەتی گشتیی و سندووقی تایبەتی خانەنشینی بوو بۆ ئەوانەی بە پلەی تایبەت خانەنشین کراون و ئەو سندووقە دەپارێزرێت و سەرمایەکەی تایبەت دەبێت بەوانەی خانەنشین بە پلەی تایبەت.

لە داهاتوویەکی نزیکدا یەک بەڕێوبەرایەتی گشتیی خانەنشین دەبێت و پەیڕەوی بۆ ئامادە کراوە و هەفتەی داهاتوو ناوەندی یاسایی ئەنجوومەنی وەزیران پێداچوونەوەی کۆتایی بۆ دەکەن.

ئاماژەی بەوەشدا، لە تەوەری سێیەمیشدا، باس لە باجی کۆمپانیاکان کرا و پێویستە باجیان بدەن و بە گوێرەی ئەو یاسا و رێنماییانەی لە هەرێمی کوردستان هەن بۆ ئەوەی ئەو پابەندییە یاساییانە لەسەریان جێبەجێ بکرێت. هەموو کۆمپانیاکان پابەندەدەکرێن بە جێبەجێکردنی یاسا و دانەوەی باجەکانیان.

جووتیار عادل باسی لە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە کرد و گوتی: هەروەها باس لە پرۆژەی هاوبەشی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت کرا، کە یەکەمجارە لە حکوومەتی هەرێم بەو جۆرە پەسند دەکرێت. هاوبەشی لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەت بە سەردانێک کۆتایی پێ نایەت. وەک بەڵێنێک، کە حکوومەت داوەتی بە خەڵک، حکوومەت پابەند دەبێت بە دەستوور و ئەو ئەرک و مافەی لەسەریەتی جێبەجێی دەکات و پێویستە بەغداش بە هەمان شێوە پابەندی دەستوور بێت.

پێویستە پەلە نەکەین و دەشمانەوێت بە راستگۆیانە لەگەڵ خەڵک بین و هەر شتێک پێویست بێت خەڵکی خۆمان بیزانێت، بە راشکانەوە بە خەڵکی خۆمانمان وتووە. با پەلە نەکەین و با بزانین دەستپێشخەرییەکانی بەغدا چین و لێکدانەوەی بۆ دەکەین و لە بەرژەوەندی ستراتیژی حکوومەت بڕیار دەدەین.

دابەشکردنی مووچە

سەبارەت بە دابەشکردنی مووچە و کەمکردنەوەی بڕی 21%ی مووچە، جووتیار عادل گوتی: حاڵی حازر مووچە بەو جۆرە دابەش دەکرێت و مانگی داهاتوو بە گوێرەی ئەو توانایەی حکوومەت هەیەتی مووچە دابەش دەکرێت.

چەند پارە بۆ حکوومەتی هەرێم دەگەڕێتەوە

لە حاڵی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی چەند پارە بۆ خەزێنەی حکوومەت دەگەڕێتەوە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارە جووتیار عادل گوتی: هەندێک وەزارەت رۆڵیان گەورەیە لە جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی و لە چەند رۆژی داهاتوو بە وردی بۆمان دەردەکەوێت یاسای چاکسازی چەند پارە دەگەڕێنێتەوە بۆ خەزێنە. حکوومەتی هەرێم لە سێ حزبی سەرەکی پێکدێت، (پارتی، یەکێتی و گۆڕان) هەر سێ لایەن پێویستە پشتیوانی حکوومەت بن بۆ سەرخستنی چاکسازی و بە هیچ شێوەیەک حکوومەت لە چاکسازی پاشگەز نابێتەوە.

تیمی حکوومەت

لە بارەی یەکهەڵوێستی تیمی حکوومەتەوە، جووتیار عادل گوتی: مەگەر بڕیارێکی دەگمەن، ئەگینا سەرجەم بڕیارەکان بە کۆدەنگی بووە. تیمی حکوومەت یەکهەڵوێست و یەک دەنگە. بڕیاری کەمکردنەوەی مووچەش، بڕیارێکی بە کۆمەڵ بوو و بە قەناعەتەوە کارەکە کراوە. لە ناو ئەنجوومەنی وەزیران هیچ راجیاییەک لەو بارەیەوە نەبووە.

ئێمە پابەندین بە دەستووری عێراق و هەر شتێک سەبارەت بە دارشتنی سیاسەتی دارایی و بەڕێوبردنی خاڵە سنووریەکان و سیاسەتی نەوت، ئێمە پابەندین و هەر شتێک لە دەستووری عێراق هاتبێت ئێمە پێوەی پابەندین و لەسەر ئەو بنەمایەش گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا دەکەین.

بۆردومان و تۆپباران

لە بارەی هەڵوێستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە بۆردومانەکانی تورکیا و تۆپبارانی ئێران، جووتیار عادل گوتی: حکوومەتی هەرێم سووڕە لەسەر ئەوەی پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ هەبێت. پەیوەندییەکانمان دۆستانە و دراوسێیانەیە. بەرژەوەندی هاوبەش هەن. راستە ئێمە لە چوارچێوەی عێراق هەڵسوکەوت لەگەڵ وڵاتان دەکەین. ئێمە بە هیچ شێوەیەک قبوڵ ناکەین خاکی هەرێمی کوردستان بۆ نیشتەجێی ئەمەریکایە و لەشاری دیوانیە لەدایکبووە، لە درێژەی لێدوانەکەیدا گوتی: پێویستە بە خێرایی سەرکردەکانی سوننەی عێراق کۆببنەوە و بە هەماهەنگی لەگەڵ کورد هەرێمێکی هاوشێوەی هەرێمی کوردستان رابگەیەنن و داوای جێبەجێکردنی سیستمی هێزە بیانییەکان دەبێت بکشێنەوە لە خاکی هەرێمی کوردستان. لە کۆتاییدا هەرێمی کوردستان ئەزموونێکە توانیویەتی بگاتە ئەو ئاستە. هیچ هێزێکی بیانی بۆی نییە لە هەرێمی کوردستان چالاکی سیاسی یان سەربازی بکات.

یاسای چاکسازی لە کام مووچەوە دەستپێدەکات

لە بارەی ئایا یاسای چاکسازی لە کام مووچەوە دەستپێدەکات، لە مووچەی مانگی ئاداری رابردوو، یان تەمووزەوە، لە وەڵامدا جووتیار عادل گوتی: کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە 11مانگی تەمەنی خۆیدا، 10مووچەی دابەشکردووە. ئەو لێژنانەی پێکهێنراوون، بە پێی ئەو یاسا و پەیڕەوانەی دانراوون، رێککەوتنەوە بۆ مووچە و دەرمالەکان دەکرێت. شایستەکان دەمێنێتەوە و ئەوەی شایستە نییە، پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت.

لە K24ەوە

بەرپرسێکی یەکێتی: دەبێت هەموومان شان بدەینە بەر جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی

ئەزموونی کوردستان بەرهەمی خەباتی پێشمەرگە و گەلەکەمانە

کارگێڕی مەڵبەندی مووسڵی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان داوا دەکات هەموو لایەنە سیاسییەکان شان بدەنە بەر جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی و کار بۆ تێپەڕاندنی دۆخەکە بکەن. دوێنێ 1ی تەموزی 2020 یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرمالە و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی کەوتە واری جێبەجێکردن کە لە لایەن ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان و لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە سەرجەم رێکارەکانی پێویستیش بۆ جێبەجێکردنی تەواو کراوە. لەمبارەیەوە غەیاس سورچی، کارگێڕی مەڵبەندی مووسڵی یەکێتی رایگەیاند، هیوای هەموومانە ئەزموونی کوردستان بپارێزرێت کە بەرهەمی خەباتی پێشمەرگە و گەلەکەمانە، «دەبێت ئەم ئەزموونە لەدەست نەچێت و رازی بین چاکسازی بکرێت و شتێکی باشە».

ڕوونیشی کردەوە کە ئەوان وەک یەکێتی کە حزبی دووەمی بەشدارە لە حکوومەت، بۆیە یەکێتی بەرپرسیارێتی هەڵدەگرێت کە چاکسازی ریشەیی بکرێت، پشتیوانین و ئەوانەی لە گەندەڵییەوە گلاون، وەزیفەیان بەکارهێناوە بۆ دەوڵەمەندبوون، چاکسازییان تێدا بکرێت، گرنگە پاکسازی لە لیستی مووچە بکرێت، ئەگەرنا ئەستەمە حکوومەت لەم دۆخەی ناچێگیرە هەرێمییە و ئەو دۆخەی کۆرۆنا دروستی کردووە، بتوانێت مووچە دابین بکات.

بەرپرسەکەی یەکێتی ئاشکرای کرد کە «ئەرکی سەرشانی حزبەکانە، هاوکاریی حکوومەت بکەن بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخەو هەرسێ دەسەڵاتی باڵای کوردستان دەبێت چاودێریی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی بکەن، دەبێت بە سەرجەم حزبەکانیشەوە شانی بدەینە بەر».

ئینتیفاز قەنبەر: پێویستە سوننەی عێراق بەپشتیوانی کورد داوای جێبەجێکردنی سیستمی فیدرالی بکەن

خەبات/ مەریوان نەقشبەندی

کەسایەتییەکی عێراقی ئامارە بە خراپبوونی ڕەوشی عێراق و بەرزبوونەوەی کێشەی هەرەشەکانی ئێران لەسەر دەوڵەتی عێراق دەکات و لە باسکردنی کێشەی عەرەبی سوننەش دەڵێ: ئەگەر سوننەی عێراق یەکنەگرن و بە پشتیوانی کورد داوای جێبەجێکردنی سیستمی فیدرالی نەکەن ئەوە کەرکووک و ئەنبار و مووسڵ و سەلاحەدینیش دەکەوێتە ژێر هەیمەنەی تاران.

ئینتیفاز قەنبەر کەسایەتی سیاسی و سەرۆکی حزبی موستەقبەلی دەستووریی عێراق لە لێدوانێکدا بۆ کەناڵێکی تەلەفزیۆنی عێراقی ئاماژە بە بارودۆخی ئێستای عێراق و هەوڵەکانی مستەفا کازمی بۆ دووڕخستنەوەی دەستی دەرەکی لە عێراق کرد و گوتی: لەو باوەڕدا نیم مستەفا کازمی بتوانێت ئامانجەکانی بهێنێتەدی لەعێراقدا، چونکە لە لایەک حزب و کوتلەی نییە تا لەپەرلەمان پشتگیری بکەن، لەلایەکی تریشەوە توانای ڕووبەڕووبونەوەی میلیشیا چەکدارەکانی سەر بەئێرانی نییە لە عێراقدا .

ئەم کەسایەتییە سیاسییە عێراقییە کە ئێستا دابەش دەکرێت.



فیدرالی بکەن ئەگەرنا حەشدی شەعبی دەبێتە حاکمی موتڵەقی سەرجەم ناوچە سوننییەکان و شتێک بۆ عەرەبی سوننە نامێنێتەوە. لەبارەی ناوچە کێشە لەسەرەکانی نێوان هەولێر و بەغدا ئینتیفاز قەنبەر گوتی: ئێستا ئەو ناوچانە لە نێوان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی عێراق کێشەی لەسەر نییە، بەڵکو بۆتە کێشەی ئێران و بەڕێز مەسعود بارزانی و تەنها بارزانی ماوە لەعێراقدا وەک بەربەست لەبەردەم تاران و هێزە سیاسییە شیعەکانی سەر بەئێران و

تەندروستیی گەرمیان مەزەندە دەکات 45 هەزار تووشبووی کۆرۆنا لە دەڤەرەکەدا هەبن



پارێزگای سلێمانی بە ئیدارەکانی گەرمیان و ڕاپەرینەوە سێیەم پارێزگای عێراقە لەڕووی زۆری تووشبوون بە پەتای کۆرۆنا، هەرچەندە لە ماوەی سێ ڕۆژی ڕابردوودا دوو حاڵەتی گیانلەدەستدان بە کۆرۆنا لە گەرمیان تۆمارکراون، بەڵام بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی گەرمیان مەزەندە دەکات 45 هەزار تووشبووی کۆرۆنا لە سنووری محەمەد، بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی گەرمیان بە کوردستان24ی ڕایگەیاند، ئەوانەی پشکنینی کۆرۆنا لە گەرمیان بەڕێوەبەری خۆپاراستن لە کۆرۆنا و بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی قەڵای تایبەت بە تووشبووانی کۆرۆنا، تووشی کۆرۆنا بوون، بەڵام بەگوتەی بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی گەرمیان تائێستاش خۆپارێزی لەلایەن خەڵکەوە زۆر لاوازە و قەرەبالغی بازاڕ و ژیانی ڕۆژانە وەک پێش کۆرۆنایە.

لە سنووری گەرمیان ڕۆژانە لەنێوان 200 بۆ 250 پشکنینی کۆرۆنا دەکرێن. د. سیروان باس لەوە دەکات بەدواداچوونیان لە کلینیک و نۆرینگەکان کردووە و، ئەوان دەڵێن ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆری تووشبووی کۆرۆنا دەبینن، بۆیە ئەو ژمارەیەی لەلای ئێمە تۆمارکراوە کەمە و، کەمیشیان دێن بۆ لای ئێمە پشکنین بکەن.

بەگشتی 21 دانیشتووی گەرمیان بە کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە: 7 کەسیان لە نەخۆشخانەکانی سلێمانی و 14ـشیان لە نەخۆشخانەی قەڵا، هەروەها 843 کەس وەکو تووشبووی کۆرۆنا لە سنووری گەرمیان تۆمارکراون. د. سیروان محەممەد دەڵێ ئەمانە لەدوای پشکنینی ورد تۆمارکراون، بەڵام لەڕاستیدا ژمارەکە زۆر لەوە زیاترە، لەنێو ئەو کەسانەش 60ـیان کارمەندی تەندروستی و پزیشکن، کە زۆربەیان لەکاتی بەجێهێنانی ئەرکەکانیاندا تووشی پەتاکە بوون.

شەڕی تورکیا و پەکەکە 11 گوندی زاخۆ بە کریستیانەکان چۆڵدەکات

تۆپباران و ئۆپەراسیۆنی تورکیا و شەڕ و ئاڵۆزییەکان لەنێوان ئەوان و پەکەکە، بووەتە هۆی چۆڵکردنی 11 گوندی مەسیحیان لە سنووری قەزای زاخۆ.

هارسن جەمیل، هاوواڵتییەکی مەسیحییە و خەڵکی گوندی دەشتی تەخیە، خاوەنی هاوینەهەوارێکە لە گوندەکە و یەکێکە لەوانەی زیانێکی زۆری مادەی بەرکەوتووە بەهۆی شەڕی پەکەکە و تورکیا.

هارسین دەڵێ: لەماوەی سێ ساڵدا نزیکەی 40 دەفتەر (400 هەزار دۆلار) م لەو پرۆژەیەم خەرج کرد، ئێستا هەشت کارمەندم هەیە و ڕۆژانە بەبێ هیچ شتێك دەبێت 500 دۆلار بدەمە کارمەندەکانم بە خواردن و خواردنەوە و مووەلیدەیان، هەموو لەسەر من حیسابە، کەچی ڕێگەی هاتن و چوون گیراوە لەبەر تورکیا و پەکەکە، ئەوان بۆردوومان دەکەن و خەڵك مەجبوور نییە خێزانی خۆی بهێنێتە ئێرە لەبەر ئەو بۆردوومانە.

بەردەوامبوونی شەڕ و تۆپباران و بۆردوومانەکان لە نزیك گوندە مەسیحینشینەکان ترسی ئەوانی زیاتر کردووە و زۆربەیان تووشی ئاوارەیی بوون. قەشەیەکی دەڤەرەکە قسە بۆ کوردستان 24 دەکات و دەڵێ نامانەوێت کێشە دروست بێت، بەڵکو دەمانەوێت هەموان لەسەر خاك و گوندی خۆیان بن.

وەزارەتی پەروەردە ڕەتیدەکاتەوە تاقیکردنەوەکانی قۆناغی 12ی ئامادەیی دوابخرێن

لە ڕاگەیەندراوێکدا بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، ڕەتیدەکاتەوە کە تاقیکردنەوە گشتییەکانی قۆناغی 12ی ئامادەیی دوابخرێن و ڕایدەگەیەنێت، هەندێك پەیجی ساختە نووسراوێکی شێوێندراویان بەناوی وەزارەت بڵاوکردووەتەوە.

ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوەکە:

دوێنێ شەو 30 ی 6ی 2020، هەندێك پەیج نوسراوێکی شێوێندراو و تەزویریان بەناوی وەزارەتمان بڵاوکردەوە سەبارەت بە دواخستنی تاقیکردنەوە گشتییەکانی قۆناغی 12ی ئامادەیی، بەهەموو لایەك ڕادەگەیەنین ئەو نووسراوە ڕاست نییە، داواکارین مامۆستایان و قوتابیان و خوێندکاران و خانەوادەکانیان هەواڵ و بڕیارەکانی وەزارەت لە کەناڵە میدیاییە فەرمیەکانی وەزارەت وەربگرن کە بریتین لە کەناڵی ئاسمانی پەروەردەیی و وێب سایتی وەزارەت و چەناڵی فەرمی وەزارەت لە ڤایبەر و پەیجی فەرمی وەزارەت لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك کە ناسێنراوە لەلایەن کۆمپانیای فەیسبووك. دەربارەی ئەو پەیج و ئەکاونتە فەیکانەش کە هەواڵی نادروست بڵاودەکەنەوە و کاریگەری خراپ لەسەر دەروونی قوتابیان دادەنێن لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار هەماهەنگیمان هەیە بۆ ڕووبەڕووکردنەوەیان بە دادگاکان.

تەرمی خوشک و برایەک لە سلێمانی دۆزرایەوە

لەناو ماڵێکی گەڕەکی گرد جۆگەی سلێمانی دوو تەرم دۆزرانەوە. لەمبارەیەوە سەرچاوەیەك لە پزیشکی دادی سلێمانی بە کوردستان تیڤی ڕاگەیاند: دوو تەرم لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە هێنرانە بەشی پزیشکی دادی سلێمانی، کە خوشك و برای یەکتری بوون. ڕاشیگەیاند: دوو کەسەکە کە تەرمەکانیان هێنراوەتە بەشی پزیشکی دادی سلێمانی پیاوێکی تەمەن 61 ساڵان و ژنێکی تەمەن 72 ساڵان بوون و بە پێی پشکنینی سەرەتایی بۆ تەرمەکانیان پێدەچێت بەر لە 10 ڕۆژ گیانیان لەدەست دابێت.

بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر:

پێویستە کارەبا دابەڕووەرانە بگاتە هەموو هاوبەشانی کارەبا



بەمەبەستی لەنزیکەوە ئاگاداربوون لەبەڕێوەچوونی کارەکان و کۆنترۆڵکردنی دابەشکردنی کارەبا و چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی کوژانەوە کە لەچەند گەڕەك و ناوچەیەکی پارێزگای هەولێر لەدوو ڕۆژی ڕابردوودا ڕوویاندا؛ ئەندازیار حوسێن حەمە قادر بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر سەردانی هەردوو کۆنترۆڵی کارەبای هەولێرو کۆنترۆڵی کارەبای ناوەندی کرد، لەو سەردانەیدا بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر سەرەتا لەنزیکەوە چاویکەوت بە فەرمانبەرانی کۆنترۆڵی کارەبای هەولێر ، وێڕای ئەوەی جارێکی دیکە دەستخۆشی و سوپاسی فەرمانبەرانی ئیشکگری کارەبای لەسنووری پارێزگای هەولێری کرد بۆ ئەو هەوڵ و ماندووبوون و شەونخونییەی ئەنجامی دەدەن لەپێناو دابینکردنی کارەبا بۆ هاوڵاتیان ، داواشی لێکردن بەردەوام بن لە جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە قایرۆسی کۆرۆنا .

بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر دوای ئەوەی لەنزیکەوە گوێبستی فەرمانبەرانی کۆنترۆڵی کارەبای هەولێر بوو، بەتایبەتی سەبارەت بە چۆنیەتی کۆنترۆڵکردنی ئەو بارزۆری و گرفتانەی کە لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا ڕوویاداوە کە بەشێکی پەیوەندی بە کۆنترۆڵکردنی کارەباوە هەبووەو بەشێکی گرفتەکەش بەهۆی هەڵکشانی خواستی کارەباوە ڕوویانداوە. دواتر کۆنترۆڵی کارەبای ناوەندی بەسەرکردەوە و داوای لێکردن بەهەماهەنگی لەگەڵ کۆنترۆڵی پارێزگاکانی هەرێم بەتایبەتی پارێزگای هەولێرو وێستگەکانی کارەبا هەموو توانای خۆیان بەگەڕبخەن بۆ پێدانی کارەبا بەهاوڵاتیان و ڕێگا نەدەن گرفت لەسیستەمی بەڕێوەبردنی کارەبادا ڕووبدات بۆ ئەوەی ئەو بڕە کارەبایەی بەرهەم دەهێنرێت بەشێوەیەکی باش و دابەڕووەرانە بگاتە هەموو هاوبەشانی کارەبای پارێزگاکانی کوردستان و وەکو بەڕێوبەرایەتی گشتی پارێزگای هەولێر و کۆنترۆڵی پارێزگاکە ئامادەیی هەماهەنگی و هاوکاریی تەواویی نیشاندان بۆ سەرکەوتنی کارەکانیان.

هەولێر... 50 شوێن و فرۆشیار سزادەدرێن



لە یەکەم ڕۆژی قەدەخەی هاتووچۆ لە سنووری پارێزگای هەولێر 50 شوێن سزادراون و هیچ شۆفێرێکیش بەهۆی سەرپێچیی قەدەخەی هاتووچۆوە سزا نەدراوە. هێمن قادر، جێگری پارێزگاری هەولێر بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند، سزادانەکە پێبژاردن نەبووە بە پارە، بەڵکو دوای کردنەوەیان شوێنەکانیان داخراوەتەوە و ئاگاداریش کراونەتەوە ئەگەر دووبارەی بکەنەوە سزاکەیان قورستر دەبێت. جێگری پارێزگاری هەولێر کە هاوکات گوتەبێژی ژووری ئۆپەراسیۆنەکانی پارێزگای هەولێرە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا، سوپاسی دانیشتوانی هەولێری کرد کە پابەندبوونیان بە قەدەخەی هاتووچۆ زۆر باش بووە. هێمن قادر ئاماژەی بەوە دا، شۆفێرانیش تاوەکو ڕادەیەکی باش بە ڕێنماییەکانی قەدەخەی هاتووچۆوە پابەندبوون، بەجۆرێك تائێستا هیچ شۆفێرێك سزا نەدراوە ئاسانکاریش بۆ ئەو کەسانە کراوە کە نەخۆشبوون و بەمەبەستی پشکنین سەردانی نەخۆشخانەکانیان کردووە.

پۆلیسی هەولێر: بە کەمتر لە 24 کاتژمێر کەسێک بە تۆمەتی دزینی 6000 دۆلار دەستگیرکرا






بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر لەهەژماری تایبەتی خۆیدا لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك ڕایگەیاندووە کە تیمەکانی پۆلیسی پارێزگای هەولێر، دوای ئاگادارکردنەوەیان لە حاڵەتێکی دزیکردن لە گەڕەکی گەلاوێژ، دەستیان بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد و چڕ کرد و توانییان بە کەمتر لە 24 کاتژمێر تاوانبارێك بە ناوی (ژ.خ.س) تەمەن 20 ساڵ، بە تۆمەتی دزینی 6000 دۆلار دەستگیر بکەن.

هەروەها پۆلیس دەڵێت: تۆمەتباری ناوبراو، دانی نا بە تاوانەکەیدا، بۆیە بەپێی ماددە (446) لە یاسای سزادان، بەند کراوە و لێکۆڵینەوەکانیش لەو دۆسیەیە بەردەوامن.

کەمکردنەوەی نرخی خزمەتگوزی پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون دەچێتە واری جێبەجێکردنەوە



پارێزگاری هەولێر ئاشکرای دەکات، لە هەنگاوی یەکەمدا نرخی خزمەتگوزاری 9 پڕۆژەی خزمەتگوزاری کەمدەکرێتەوە و لە ئایندەیەکی نزیکدا بڕیاری کەمکردنەوە بۆ ئەوانی دیکەش دەدرێت.

لە نووسراوێکی پارێزگای هەولێر کە وێنەیەکی دەست کوردستان24 کەوتووە و واژۆی فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێری بەسەرەوەیە، تێیدا هاتووە: دوای ئەوەی لێژنەی بەدواداچوون و دانانی نرخی خزمەتگوزای پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون بۆ کەمکردنەوە و دیاریکردنی نرخی خزمەتگوزاری پڕۆژەکان دەستبەکاربوو، وەك هەنگاوی یەکەم و دوای دیراسەی دورد و هەمەلایەنە، لێژنەکە نرخی 9 پڕۆژەی دیاریکرد، لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەوانەی دیکەش دیاری دەکرێت.

وەك لە نووسراوەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە لە 1/7/2020 دەبێ ئەو 9 پڕۆژەیەی کە لەم فەرمانی کارگێڕیە ناویان هاتووە پابەندی ئەو نرخە بن کە بۆیان دیارکراوە.

بە بڕیاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان خانووە زێدەڕۆییەکان تاپۆ دەکرێن

سەرۆکی حکوومەت سەرپەرشتی کۆبوونەوەکانی کردووە، تا هەرچی زووە لە خزمەتی هاوواڵتیاندابن



خەبات وردەکاری بەناوکردنی خانووە زێدەڕۆییەکان بڵاو دەکاتەوە

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی خانووبەرەی هەرێمی کوردستان:

نابێت کەسی زێدەڕۆکار لە یەک پارچە زەوی زیاتری بەناو بکرێت

دیمانە: خەبات _ فاتیح بەرزنجی

ئەو خانوانەی بە زێدەڕۆیی و بە مەبەستی نیشتەجێبوون و لە بارودۆخی جیاوازدا دروستکراون، سااڵنێکە بۆ شارەوانی و فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی حکوومەت کێشەن و هاوکات ئەوانەیش کە لەو خانوانەدا نیشتەجێبوونە هەمیشە لە دووڵی و دڵەڕاوکێدا دەژین، چەندین جار هەڵمەتی ڕووخاندنی ئەو خانوانە و چۆلکردنی مۆلکە گشتییەکانی حکوومەت ئەنجام دراوە، بەاڵم لە ئێستادا بە پێی یاسا و ڕێنمایی پێویست ئەو خانوانە لەسەر ئەو کەسانە تاپۆ دەکرێت، کە بەڕاستی و لەناچاریدا ئەو زێدەڕۆییانەیان ئەنجام داوە. بۆ وردەکاری زیاتر و ڕوونکردنەوەی یاسا و ڕێنماییەکان، د. لوقمان عومەر حوسێن بەڕێوەبەری گشتی تۆماری خانووبەرەی هەرێمی کوردستان، لەو دیمانە تایبەتەی ڕۆژنامەی خەبات تەواوی وردەکارییەکان بۆ هاوواڵتیان دەخاتەڕوو:

بەگوتەی د. لوقمان عومەر حوسێن بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی خانووبەرەی هەرێمی کوردستان لە وەزارەتی داد، کێشەی زێدەڕۆیی لەسەر مۆلکی دەوڵەت لەکۆنەوە هەیە، چ لەسەر ئاستی عێراق چ لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، بۆیە لەعێراق چەندین یاساو بڕیاری لەمبارەیەوە بۆ دەرچووە، هەندێکیان بە ئاراستەی تەملیکی زەوییە زێدەڕۆییەکان بووە بەنرخێکی کەم و هەندێکی دیکەیش بە نرخی ڕاستەقینە، لەگەڵ وەرگرتنی هاوشێوەی هەموو ئەو سااڵنەی کە زێدەڕۆکار زێدەڕۆیی کردۆتە سەر زەویەکە لە کەسی زێدەڕۆکار و هەندێکی دیکەیش بە ئاراستەی تێکدانی زێدەڕۆکە لەسەر ئەرکی زێدەڕۆکار و سەپاندنی سزا بەسەر کەسی زێدەڕۆکار و سزای دارایی و پێبژاردن.

یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٩ی پەرلەمانی کوردستان

لە هەرێمی کوردستان وەک چارەسەرێک بۆ کێشەی زێدەڕۆیی بڕیاری ژمارە (5) ساڵی 2002 لەپەرلەمانی کوردستان دەرچوو، ئەگەرچی ئەو کێشەیە هەر بەردەوامبوو، بۆیە دواجار بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لەسەر پێشنیاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (3) ی ساڵی 2019 ی دەرکرد لەڕێناوی یاسای بەخاوەنکردنی ئەو زەویانەی کە لەسنووری شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستان زێدەڕۆییان لەسەر کراوە بەژمارە(3) لەساڵی 2019ی دەرکرد.

یاسای بەخاوەنکردنی ئەو زەویانەی زێدەڕۆییان لەسەر کراوە

د. لوقمان عومەر حوسێن بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی خانووبەرەی کوردستان، دەربارەی یاسای بەخاوەنکردن بە (ڕۆژنامەی خەبات)ی گوت: دیارە ئەو یاسایە چەندین مەرجی دەستنیشانکردووە بۆ بەخاوەنکردنی ئەو زەویانەی کە خاووی زێدەڕۆیان لەسەر دروستکراوە.

مەرجەکانی بەخاوەنکردنی خانووی زێدەڕۆ

د. لوقمان عومەر حوسێن بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی خانووبەرەی هەرێمی کوردستان لەبارەی ئەو مەرجانەی لە یاساکەدا هاتوون، دەڵێت: مەرجەکان بریتین لە:

یەکەم: پێویستە زێدەڕۆییەکە بەرلە ڕێکەوتی 13/3 ساڵی 2018بووبێت، لەبەر ئەوەی یاسایەکی دیکەمان هەیە، کە بەیاسای ژمارە (3) ی ساڵی 2018 ناسراوەو بەپێی ئەم یاسایە هەر زێدەڕۆییەک بکرێت، پێویستە ئەو زێدەڕۆییە لابدرێت بەپێی یاسا.

دووەم: ئەگەر هاتوو زێدەڕۆییەکە لەسەر مۆلکی دەوڵەت بێت، جا چ مۆلکی تەواو بێت یاخود مافی ڕەفتارکردنی لەسەر بێت.

سێیەم: ئەگەر هاتوو بکەوێتە ناو سنووری شارەوانی و لەناوچەی نیشتەجێبوون بێت.

چوارەم: ئەگەر خانووەکە بەمەبەستی نیشتەجێبوون دروستکرابێت، واتا خانووەکە بۆ نیشتەجێبوون بەکار هاتبێت، نەوەک بۆ مەبەستێکی دیکە.

پێنجەم: کەسی زێدەڕۆکار یاخود میراتگرەکانی یاخود ئەوانەی کە بەحوکمی یاسا بە بەخێوکردنی ئەو ڕاسپێردراوە، پێویستە داواکارییەک پێشکەش بکات بەسەرۆکی یەکەی کارگێڕی و لەماوەیەکدا کە بریتییە لە ماوەی 120 ڕۆژ، لەڕۆژی بەرکاربوونی ئەم یاسایە تێپەڕنەکات، کە هەموو بەڵگەنامەکان لەخۆ بگرێت، بەاڵم ئەوەی کە ئێستا پێشبینی دەکەین ژمارەی (3) ی ساڵی 2019 چەندین ئەو ماوەیە ئێستا تێپەڕیووە، ئەوەش کێشەیەکی یاساییەو پێویستە ئەنجوومەنی وەزیران چارەسەری بکات، لەبەر ئەوەی ڕەنگە نەتوانرابێت لیژنەکان دروستبکرێن، ئەویش بە هۆکاری بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان و قەدەغەی هاتوچۆ لەشار و شارۆچکەکان.

شەشەم: نابێت کەسی زێدەڕۆکار لەیەک پارچە زەوی زیاتری بەناو بکرێت.

حەوتەم: ڕووبەری زەوی بەناوکراو لەسەنتەری پارێزگاکان لە 200 مەتر زیاتر نەبێت و لەسەنتەری قەزاکانیش لە 250 مەتر نابێ زیاتر بێت و لە سەنتەری ناحیەکانیش نابێ لە 300 مەتر زیاتر بێت.

ڕێوشوێنەکانی بەناوکردن چییە؟

دواتر بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی خانووبەرەی کوردستان دەربارەی ڕێوشوێنەکانی بەناوکردن ڕوونیکردەوە: بەپێی یاسای ژمارە (3) ی ساڵی 2019 چەندین ڕێوشوێن دیاریکراوە، یەکێک لەوانە تاوتوێکردنی داواکارییەکان و بڕیاردان لەبوونی مەرجە پێویستییەکانی بەناوکردن لەلایەن لیژنەیەکەوە دەبێت، ئەویش بەسەرۆکایەتی پارێزگار یاخود سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان و بەئەندامییەتی لایەنە پەیوەندیدارەکان، وەکو نوێنەری فەرمانگەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە و نوێنەری وەزارەتی دارایی و نوێنەری شارەوانی.

د. لوقمان عومەر گوتیشی: ئەو کەسانەی کە پێشتر لەحکوومەت سوودمەند نەبوون نرخی زەوییەکان بەمشێوەیە دەبێت: لەسەنتەری پارێزگاکان بۆ یەک مەتر دووجا بەنرخی (15 تاوەکو 30) هەزار دینار دەبێت، بەاڵم لەسەنتەری قەزاکان نرخی یەک مەتر دووجا بە (10 تاوەکو 15) هەزار دینار دەبێت. لەسەنتەری ناحیەکانیش نرخی یەک مەتر دووجا بە (5 تاوەکو 10) هەزار دینار دەبێت و ئەوانەشی کە سوودمەندبوون بەنرخی 100%ی بەهای ڕاستەقینەی زەویەکە بەناویان دەکرێت. لەبەر ئەوەی ئەوانەی کە پێشتر لەحکوومەتی هەرێم سوودمەند بوونە بەزەوی یاخود بەخانوو، بەاڵم حوکمە داراییەکان کەسوکارەکانی پلە یەکی (شەهیدان و ئەنفال و کەمئەندامانی سەنگەر) ناگرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەوان لەو حوکمە داراییانە لێخۆشبوون دەیانگرێتەوە .

حاڵەتەکانی ڕەتکردنەوەی بەناوکردن چییە؟

پاشان سەبارەت بە حاڵەتەکانی ڕەتکردنەوەی بەناوکردن دکتۆر لوقمان عومەر ڕوونیکردەوە: ئایا ئەو بەناوکردنە بەڕەهاییدەکرێت، یاخود هەندێ حاڵەت هەیە کە شارەوانی مافی ئەوەی هەیە کە بەناوکردنەکە ڕەت بکاتەوە ؟ دیارە یاسا ئەمەی دیاریکردووە کە ئەگەر شوێنی خانووەکە سەرپێچی بێت بۆ ماستەرپلان یاخود نەخشەی کەرتی وردەکارییەکان، ئەوا زێدەڕۆییەکە لەسەر تێچووی زێدەڕۆکار لادەبرێت، ئەوکاتە مافی هەیە ڕەفتار بەپاشماوەکانەوە بکات، بەاڵم ئەگەر هاتوو زێدەڕۆکار پێشتر سوودمەند بووە بەناوەکرێت. ئەگەر زێدەڕۆکار پابەند نەبووبێت ئەوا بە پارچە زەویەک بە ڕووبەری 200 مەتر دووجا قەرەبوو دەکرێتەوە بەبێ بەرامبەر، بەاڵم ئەگەر سوودمەند بووبێت ئەوا بەنرخی ڕاستەقینە زەویەکەی بۆ بەناوەکرێت. ئەگەر زێدەڕۆکار پابەند نەبێت بەپێدانی نرخی دیاریکراو لەم یاسایە یاخود مەرجەکانی هاتوو لەماوەی دووی ئەو یاسایە نەیگرێتەوە ئەوا زەوی و خانووەکە لەاڵیەن شارەوانییەوە دەفرۆشرێت بەپێی یاسای ژمارە(32) ی ساڵی 1986 یاسای بەکرێدان و فرۆشتنی سامانی دەوڵەت، لەبەرامبەر فرۆشتنەکە بەهای دروستکراوەکان بەشێوەی شایستە بوون بەتێکدراوی دەدرێت بەخاوەنەکەی و هەندێکجاریش دەبینین ڕووبەری زیاد هەیە لەو ڕووبەرەی کە یاسا دیاریکردووە، ئەوا ڕووبەرە زیادەکان لە ڕووبەری ئاماژە پێکراو لەو یاسایە بەنرخی ڕاستەقینەی باو دەخەملێنرێت بەو مەرجەی کە لەهەموو حاڵەتێکدا لەپارێزگاکان لە(300) مەتر دووجا زیاتر نەبێت و لە قەزاکانیش لە (400) مەتر دووجا زیاترنەبێت و لەناحیەکانیش لە (500) مەتر تێپەڕنەکات، ئەوە ئەگەر هاتوو ڕووبەری زیاتر هەبوو لەو ڕووبەرەی کەیاسا وەکو مەرج دیاریکردووە بۆ بەناوکردن.

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی خانووبەرەی کوردستان دەشڵێت: بێگومان ئەو یاسایە ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراوی هەیە بۆ کارکردن، ئەویش ماوەی (3) ساڵە لە ڕێکەوتی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان کاری پێدەکرێت. لێرەوە لەڕێگەی ڕۆژنامەی خەباتەوە داواکارم لە هەموو ئەو هاووڵاتیانەی کە ناوەڕۆکی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە هەرچی زووە داواکارییەکانی خۆیان لەگەڵ سەرجەم ئەو بەڵگە نامانەی کە هەیانەو دەیسەلمێنێ کە حوکمەکانی ئەو یاسایە دەیانگرێتەوە، داواکارییەکانیان ئاراستەی سەرۆکی یەکەی کارگێڕی بکەن، هەریەکە بەپێی ئەو ناوچەیەی کە لێی نیشتەجێیە. لەبەرئەوەی تێپەڕبوونی ماوە لەبەرژەوەندی ئەوانیە و یاساکە تەنیا 120 ڕۆژی دیاریکردووە بۆ بەناوکردن. ئەگەر لەم ماوە دیاریکراوە تێپەڕ بکات ئەوا ئەو کەسە مافی بەناوکردنی دەفەوتێت و بۆ شارەوانی هەیە کە مووڵکەکەی بفرۆشێت بەپێی یاسای ژمارە (32) ی ساڵی 1986.

ئەنجوومەنی وەزیران چەندین کۆبوونەوەی بۆ ئەو مەبەستە ئەنجامداوە

دواتر د. لوقمان عومەر حوسێن بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی خانووبەرەی هەرێمی کوردستان دەربارەی ئەو بڕیارە گرنگە ڕوونکردنەوەی زیاتر دەدات و دەڵێت: دەربارەی بەناوکردنی ئەو زەویانەی کە زێدەڕۆییان لەسەر کراوە لەسەر زەوی دەوڵەت، ئینجا ئەو زەویە مۆلکی پوخت بێت یاخود مافی ڕەفتارکردنی لەسەربێت بۆ ئەم مەبەستە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم ڕێنمایی پێویستی داوە بەهەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان، کە هەرچی زووە کاری پێویست ئەنجامبدەن بۆ بەخاوەنکردن لەلایەن ئەو هاووڵاتیانەی کە مەرجەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە چەندین کۆبوونەوە ئەنجامدراوە، چ بەشێوەی ڕووبەر یاخود لە ڕێگەی ئۆنلاین و هەندێ جاریش ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سەرپەرشتی کۆبوونەوەکانی کردووە و ڕێنمایی پێویستی داوە بە لایەنەکان تا هەرچی زووە لە خزمەتی هاووڵاتیاندابن.



د. لوقمان عومەر: داواکارین ئەو هاووڵاتیانەی کە ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، هەرچی زووە داواکارییەکان پێشکەش بکەن





بۆچی کەسایەتی بەهێزی نێچیرڤان بارزانی کراوەتە ئامانجی نەیاران؟



ڕێبوار حەمەلاو شوانی

مێژوو و هەوڵە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی چ وەک کەسایەتییەکی بەهێزی سیاسی، دیپلۆماسی و کۆمەڵایەتی و کوردستانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووداو و پێشهاتەکانی دەوروبەری بە تایبەت لەم چەند ساڵەی دواییدا بەرامبەر بە گەل و وڵاتەکەی ئاماژەیەکی ڕوون و ئاشکرای ئەو پرۆپاگەندە و چەواشەکارییانەن کە دەزگا سیخوڕی و هەواڵگەرییەکانی وڵاتانی ئیقلیمی دژ بە هەرێمی کوردستان و بەتایبەت کەسایەتی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی جێبەجێیان کردووە و دەیکەن .

هەموو ئەو پڕۆپاگەندە و چەواشەکارییانەی کە بەرامبەری ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی و خانەوادە بەڕێزەکەیان دەکرێت، بۆ هەموو ئەو هەوڵە سەرکەوتووانەی لە ماوەی ٥ ساڵی ڕابردوو، لە سەر ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی بۆ دۆزی ڕەوای کوردستان دەگەڕێتەوە، وەک چۆن توانیی گەمارۆکانی سەر هەرێمی کوردستان تێکبشکێنێت و ئینجا گەڕاندنەوەی کوردستان بەرەو پێشکەوتن و متمانەی زیاتری سیاسی و ئابووری و دیپلۆماسی.

لەوەش گرنگتر هەوڵەکانی بەرێزیان لە ڕۆژئاوای کوردستان بۆ چارەسەری پرسی کورد و ئاشتەوایی نێو ماڵی هێز و لایەنە سیاسییەکان و پاراستنی دەستکەوتەکانیان و ئینجا هەوڵە دیپلۆماسییەکانی بەرێزیان لە سەر ئاستی عیراق بۆ چارەسەری پرسە هەڵواسراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، هەموو ئەمانە وایانکردووە کە نەیارانی کوردستان چ لە سەر ئاستی هەرێمایەتی چ ناوخۆیی هەوڵبدەن بە هێرش و پەلامارداتە و پیلانە پێشتر داڕێژراوەکانیان لە چالاکی و توانا و کاریزمای سەرۆکی هەرێمی کوردستان کەم بکەنەوە، کە لە ڕابردوو و ئێستادا گشت هەوڵەکانی خستۆتەگەڕ لە پێناو پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلی کورد و پێشخستنی پرسی کورد لە ڕووی دیپلۆماسی و سیاسی بەرەو کوردستانێکی بەهێزتر.

چاکسازی لە نێوان خواست و جێ بەجێکردن



شێرکۆ حەبیب

ماوەیەکە یاخود ساڵانێکە حکومەتی هەرێم لە هەوڵی چاکسازی دایە، ساتێك جەنابی سەرۆك بارزانی بڕیاری لەسەر دا، بەڵام لە بەر هەر هۆیەك بێت بەشێوەیەکی بەرفراوان بەرچاو نەدەکرا، ئەمڕۆ کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم بەسەرۆکایەتی ڕێزدار مسرور بارزانی لە هەوڵی جێ بەجێ کردنی و دەست پێکردنی ئەو بڕیارەیە، و تەنانەت لە بەرنامەی کاری حکومەتەکەیەتی.

دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کەوا ئەو هەنگاوە کار و هەوڵی زۆری پێویستە و دەبێ بەسەر هەموو بەربەست و ئەگەرەکان دا زاڵ بێت، جونکە چاکسازی بەرژەوەندی کۆمەڵێك بەرپرس لە هەموو لایەنەکان و کەسانێك دینێتە کۆتای پێهێنان، بۆیەش دەبینین هەندێ دەنگی نەخوازیار لەم لاو ئەو لا لەهەوڵی دژایەتی ئەو پرۆژەن کە هەڵبەتە هەوڵەکانیان پوچەڵ دەبێتەوە، چونکە بەرژەوەندی گشتی لەوەدا کەچاکسازی بەزووترین کات بچێتە بواری جێ بەجێکردن، و ئەوانەی فرمێسکی تیمساح دەڕێژن بۆ هاوواڵتیان گومان لەوە دانییە کە پەرۆشی بەرژەوەندییەکانی تاکە کەسین نەك گشتی، چونکە بەرژەوەندی گشتی لەوە دایە ئەو سامانەی ساڵانێکە بەهەدەر دەڕوات بگەڕێتەوە بۆ دەوڵەت و بتوانرێت مووچە و کارە خزمەژگوزارییەکانی پێ دابین بکرت.

دەبێ سەرەتا لەوانە دەست پێبکات کە بە پلەی باڵا خانەنشین کراون و ڕۆژێك لەو پۆستە دا نەبوون، وەك وەزیر، و بریکار هتد، هەروەها هەزاران بە پلەی سەربازی خانەنشین کراون لە ئەوروپا کە ڕۆژێك نەیان زانیوە پێشمەرگایەتی چییە، هەروەها پێویستە ئەوەی بەناوی کۆمەڵایەتی و دیوەخان و یا هەندێ ڕێکخراو و ڕۆژنامە و گۆڤار نەمێنیت، کە زیانی لە سوودی زیاترە.

ئەوەی گرنگە ئەمڕۆ بارودۆخی هاوواڵتیان و بژێوی ژیانیان باشتر بکرێت و هاوواڵتی کوردستان دوای ئەو هەموو مەینەتی و زوڵمە لە سەر دەستی ڕژێمەکانی عێراق لێکراوە، بتوانیت بە ئاسوودەی بژێت، هەروەها ئەوانەی دوو موچە و زیاتر بنبڕ بکرێت.

دەبێ سەرجەم دڵسۆزانی گەلەکەمان هاوکار و پشتیوان بن بۆ سەرکەوتنی پڕۆژەی چاکسازی، تا گەندەڵی لەناو کۆمەڵگا ئەگەر کۆتای پێ نەیەت کەمبکرێتەوە، هەرچەندە هەندێ بەرپرسی و کەس و لایەنی گەندەڵ هەیە ئەمڕۆ دژی ئەو خواستەیەن بەڵام ئیرادەی زۆرینە هەردەم سەردەکەوێت.

تەنانەت بیرکردنەوە لە هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان خیانەتێکی مێژوویییە



شاهۆ حوسێنی

هەرێمی کوردستان وەك دەسەڵاتێکی کوردی و فۆرمێکی دیفاکتۆی بە فەرمی ناسین لەنێو نیزامی پێوەندییەکانی نێونەتەوەییدا بۆ کوردی هەر چوارپارچەی کوردستان ئاواتێکی مێژوویی لەپاش کۆمارە ساواکەی کوردستانە، ئەزمۆنێکی کە هەوراز و نشێوی زۆری بەخۆیەوە بینیوە. هەر جۆرە خوێندنەوەیەك بۆ ئەو ئەزموونە لۆکاڵییە لەدەرەوەی گوشار، تایبەتمەندی و دۆخی ژێئۆپۆلەتیکی کوردستان ناتوانێ شرۆڤەیەکی لۆژیکی بێت و بەرچاوڕوونییەکی ڕوون بخاتە بەردەم کۆمەڵگا. دوو کێشەی سەرەکی بەشی هەرە زۆری ڕەخنەکان ئەوەیە کە لەغیابی سەرنجی ژێئۆپۆلەتیك و لەدەلاقەی بەرچاوتەنگی حیزبی ڕا خوێندنەوە بۆئەو دۆخە دەکرێت. ژێئۆپۆلەتیکی کوردستان بەدرێژایی مێژوو لەژێر گوشارەکانی لێکڕوێنەری ئیمپراتۆری ئێران و عوسمانیدا بووە، دوو فۆرم لەئیمپراتۆری کە نوێنەری دوو ئایدۆلۆژیی ئایینی- نەتەوەیی، پان شیعە*- پان ئێرانیسم لەلایەك و لەلایەکی تر پان سوننە- پان تورکیسم بووە و ئەمڕۆکەش لەژێر هەمان گوشاری لێکڕوێنەری ئەو دوو ئایدیایە دایە. کایەکەرانی هێژموونی ناو ئەو ژێئۆپۆلەتیکە و خاوەنی ئەو دەسەڵاتە دیفاکتۆیە دەقیقەن لەژێر کارتێکەری ئەو هێزە هێژموون، زەبەلاح و لێکڕوێنەرانە دان. دیارە کە کورد لەوە لاوازترە کە بتوانێ گوشاری ئەو دوو هێزە پووچەڵ بکاتەوە. بۆیەش بەناچاری لەناو جەغزی سیاسەتێکدا دەور دەگێڕێ کە ئەو دوو هێزە هێژموونە دایان ڕشتووە. هونەری دەسەڵاتی کوردی، ڕەخنەگر و ڕووناکبیری کوردی لەوەدا دۆخێکدا ئەوەیە کە بتوانێ لەو بدە- بستانە* ناچارییەدا بەرژەوەندیی نەتەوەیی بکاتە تەوەرە و حەول بدات لەدەلاقەی ئەو عەقڵییەت و مێنتالیتەڕا هەڵسوکەوت بکات. هەر جۆرە حەولێك یاخود تەنانەت بیرکردنەوە بۆ لێکهەڵوەشاندنەوە، لەباربردن و لاواز کردنی ئەو دەسەڵاتە دەچێتە خانەی خیانەتی نەتەوەیی. ئەرکی هەموو تاکێکی پێگەیشتوو و تێگەیشتوو لەو دۆخەدا ئەوەیە کە لەتەنیشت حەول بۆ پاراستنی ئەو دەسەڵات و ئەزموونە کوردییە، حەول بدات بۆ پەرەی زیاتر، ڕادیکاڵ تر و بەربڵاوتری دیمۆکراتیزاسیۆن. بە کورتی خەبات لەناو ئەو دەسەڵاتە کوردییەدا بۆ زیاتر دیمۆکراتیزە کردن و پاراوکردنی، پەرەی گوتار و عەقڵانییەتی دیمۆکراتیك، نەك بەدژ ئەو دەسەڵاتە کوردییە و لەدەرەوەی ئەو دەسەڵاتە بۆ ڕووخاندنی(دیارە لێرە مەبەست دەسەڵاتی کوردییە نەك حکوومەت بە مانای هێزی ئیجرایی).

* پان شیعە = ڕەوتی شیعەگەری

* بدە- بستانە = دان و ستان و کێشمە کێشم

پیلانێکی نەخشەڕێژ و ئەرکی نیشتیمانی



سوورە مەرگەیی

لە دوای پرۆسەی ریفراندۆم و خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەر پیلانێك دژ بە هەرێمی کوردستان وەك بەری خوێن و خەباتی دەیان ساڵەی شەهیدان و ماندووبوونی شۆڕشگێڕانی کورد، بە بەرنامە لە لایەن داگیرکارانی کوردستان و هەندێ دەستە و گرووپی ناوخۆ بەڕێوە دەچێ.

دەستپێکی ئەو پیلانەش بە پاراستینی یەکپارچەیی خاکی عێراق و تاوانبار کردنی سەربەخۆخوازانی کورد دەستی پێکرد، بۆ ڕاکێشانی سۆزی خەڵکی ساویلکەش دەستیان کرد فرمێسك ڕشتن بۆ مووچەی فەرمانبەران، لە کاتێکدا خۆیان هۆکاری بڕینی مووچە و قوتی خەڵکی کوردستانن و ئێستاش لە ڕێگەی بەناو نوێنەرەکانیانەوە کاری لەسەر دەکەن، لیرەدا دەپرسین: ئایا کورد ئەو هەموو ڕەنج و خوێن و ئەنفال و کیمیابارانەی بۆ موچە بووە یان لە پێناو ئازادی ؟ گریمان بۆ موچە بووە! کورد لە باشوور ئەگەر شەش ملیۆن بێت ئەوا یەك ملیۆنی مووچەخۆرە، ئەی مافی ئەو پێنج ملیۆن کەسەی تر چی دەبێ؟!

دوای ئەو قۆناغە باسی هەڵکردنی ئاڵای عێراق و لامەرکەزی سلێمانی وروژێندرا، لێرشەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشێ، ئایا کێشەی کورد وەك نەتەوەیەکی خاك داگیرکراو و چەوساوە بە هەڵکردنی ئاڵای عێراق و لامەرکەزی چارەسەر دەبی؟ لە کاتێکدا دەیان ساڵە لە ژێر ئاڵای داگیرکارانی وڵاتەکەیدا خوێن لە جەستەی دەچۆڕێ، لامەرکەزیش دوولەت کردنی باشووری کوردستانە و سەدان ساڵە کورد بە دوو لەت و سێ لەت و چوار لەتی وەڵاتەکەیەوە دەنااڵێنێ.

بە بانگەشە بۆ نەهێشتنی قەوارەی هەرێم دوا پەردەیان لەسەر پیلانەکەیان لادا، ئەوەی لە سەرەتای دامەزراندنی ئەو قەوارەیەوە تورك و فارس و عەرەب دژ بەو قەوارەیە دەیانخواست و دەیانویست بیڵێن ئەوان گوتیان، لە کاتیکدا ئەو قەوارەیە موڵکی هەموو کوردە و خۆزگەی کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستانی لەسەر هەڵچنراوە، بۆیە بە وەکالەتی دوژمنانی کورد و داگیرکارانی کوردستان دەست بردن بۆ ئەو پرسە خیانەتێکی نەتەوەیی و نیشتیمانییە و ئەرکی ڕووبەڕوو بوونەوەش دەکەوێتە سەر شانی هەر کوردێك کە خیرەتی ڕەتکردنەوەی ژێردەستەیی هەبێ، جگە لەوەش کورد لە ریفراندۆم 92% دەنگی بە سەربەخۆیی دا، ئایا ئەوانە چۆن جورئەت دەکەن باس لە نەمانی ئەو قەوارەیە بکەن و دژ بەو ڕێژە زۆرەی خەڵکی کوردستان بوەستنەوە و ئامانجێکی نەتەوەیی وا گەورە بکەنە پێخوستی خواستی گرووپگەرایی و کۆنەقینی سیاسی.

لە کۆتاییدا دەمەوێ ئەوە بڵێم: کە تاقمێکی کاڵفامی حزبێکی سیاسی کوردستان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە پشت ئەو پیلانەوەن، بەڵگەش بۆ بوونی ئەو ڕاستییە بەشێك لە قۆناغەکانی ئەو پیلانە لەسەر زاری بەرپرسانی خۆیان گوتراون و لە ڕاگەیاندنەکانی خۆشیانەوە بانگەشەیان بۆ کراوە، ڕاستە بانگەشە بۆ نەهێشتنی قەوارەی هەرێم لەسەر زاری سۆران عومەر و چەند کەسێکی دیکە کراوە، بەڵام لایەنێکی سیاسی و ئەجیندایەکی دەرەکی لە پشتەوەیە، چونکە لە کاتی لایبردنی پارێزبەندی لەسەری سۆران عومەر دیاربوو کە کێ؟ و کامەلایەن پێی تەنگاو بوو وکێ؟ بەرگری لێکرد.

بەرێوە چوونی ئەو پیلانە ئەرکێکی نیشتیمانی دوولایەنە دەخاتە سەر تەواوی خەڵکی کوردستان و جەماوەری لایەنە سیاسییەکان، چونکە هەم وەکو کورد ئەرکیانە بەرگری لەو قەوارەیە بکەن کە موڵکی هەموو کوردە، هەم وەك لایەنی سیاسد نابێ ئەوە قبوڵ بکەن کە ئەو خوێنە بە هەدەر بچێ کە لە پێناو بەدیهێنانی ئەو قەوارەیە ڕژاوە، لە کاتیکدا ئەو خوێنە ڕژاوە لە جەستەی پێشمەرگە و هەوادارانی حزبەکان بووە.



قەوارەی هەرێم واتا سەروەری هەموو کوردێک



تەیب زرار شێروانی

ئەگەر ئاوڕێك لەمێژووی کورد بدەینەوە بەتایبەتی مێژووی هاوچەرخ، بەداخەوە دەبینین کورد گەل و خاکێکی پارچە پارچە کراوی ژێردەستە بووە، بەدرێژایی ئەو زیاتر لەسەت ساڵی ڕابردوو کورد دەستە وەستان نەبووە بەڵکو بەردەوام لە ڕاپەڕین و شۆڕش بووە، جا ئەو ڕاپەڕین و شۆڕشانە چەکداری بووبێ یانیش مەدەنی.

بەڵام ئەوەی جێگەی داخە هەموو ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینانە نەگەیشتنە ئەنجام تاکو ڕێککەوتنی 11ی ئاداری 1970 کە کورد توانی بەشێك لەمافەکانی خۆی بەدەست بێنێت و یەکەم شۆڕشی کوردبوو کە سەرکەوت و ئاکامی هەبوو شۆڕشی مەزنی ئەیلول بوو بەسەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێبەرایەتی بارزانی نەمر. هەرچەندە پاشان لە 11ی ئاداری1974 حکومەتی عیراقی بەعسی لە بەڵێن و ڕێککەوتنەکە پەشیمان بوویەوە، بەڵام ڕێککەوتنامەی 11ی ئاداری 1970 بووە دیکومێنتێکی مێژووی تۆمارکراو و ڕێککەوتنێکی نوسراو کە هەردوولا (شۆڕش و حکومەتی ناوەند) ئیمزایان لەسەر کردبوو، بۆیە گرنگی ڕێککەوتنەکە لەوەدا بوو کەبۆیەکەم جار بوو لەمێژوودا بەشێك لەمافەکانی کورد بە دیکومێنت کرا.

لەدوای شەڕەکانی ساڵانی 1974-1975 کە شۆڕشی کورد توشی نسکۆ بوو ئیتر کورد بەردەوام بوو لە شۆڕش، ئەمجارە شۆڕش بریتی نەبوو لە تەنها حزبێك (پارتی) بەڵکو دەنگ و ڕەنگی جیاواز لەپارتی یەش هاتنە گۆڕەپانەکە ، بەڵام تا ڕاپەڕینی بەهاری 1991 شۆڕشی کورد نەیتوانی لەڕووی یاساییەوە هیچ شتێك بەدەست بێنێت، بەڵام لەدوای ڕاپەڕین ئەنجامدانی یەکەم هەلبژاردن بۆ پەرلەمانی کوردستان لەساڵی 1992 تاقیکردنەوەیەك دەستی پێکرد و کورد وەکو دیفاکتۆ(ئەمری واقع) توانی داموەدزگاکانی حوکمڕانی دابمەزرێنێ و لەماوەی نێوان ساڵانی 1992 تاکو ئێستا پەرەی بەو کیانە داوە و دامەزراوەکانی حوکمڕانیەکی سەردەمیانەی دروست کردووە، لەڕووی پراکتیکیشەوە دەسەلاتی کوردی نمونەیەکی جوانی حوکمڕانی بۆ دیموکراسی و پێکەوەژیان بووە بەتایبەتی ئەگەر بەراوردی بکەی بە سیستەمە حوکمڕانیەکانی دەوروبەری خۆی، بێگومان ئەم تاقیکردنەوەیە بێ کەموکوڕی نەبووە بەتایبەتی لەڕووی ئیداری، ئەمەش زۆر ئاساییە بۆ یەکەم تاقیکردنەوەی گەلێك کەزیاتر لەسەدەها ساڵ ژێردەستە بووبێ و ڕۆڵەکانی بێ بەش کرابن لە خوێندن و زانست و ڕۆشنبیری، ئاخر جگە لەوەی بەشێکی زۆری نەوەکانی کورد بەزمانی دایك نەیانخوێندووە خۆ بەشێکی کۆلیژ و بەشەکانی کۆلیژەکان بۆ کورد قەدەغە بوو، زانکۆ لەشارە کوردنشینەکان نەبووە، کورد لەخوێندنی بالا دژایەتی کراوە، بەکورتیەکەی گەنجی کورد و قوتابی کورد زەمینەی بۆ نەڕەخساوە کە بتوانێ تواناکانی خۆی دەربخات، لەدوای ڕاپەرین کە ئێمە چووین بۆ زانکۆ لەهەموو زانکۆی سەلاحەدین کەتاکە زانکۆ بوو لە کوردستان تەنها یەك پرۆفیسۆری هەبوو ، زۆرینەی مامۆستایانی زانکۆ بروانامەی ماستەریان هەبوو نەك دکتۆرا ، بەشێکیشیان هەر تەنها بەکالۆریۆسیان هەبوو، هەروەها حکومەتی هەرێم کە دروست بوو هاتە سەر سفرەی خاڵی و هیچ سەرچاوەیەکی داهاتی نەبوو و حکومەتی مەرکەزی دامودەزگا و ئیداراتی لە کوردستان کشاندبووەوە،بۆیە ئاکامێکی سروشتی بۆنە بوونی پسپۆری و خەڵکی شارەزا لە ئیدارەدان بۆ بارودۆخێکی ئەوها ئەوەیە کە دووچاری گەندەڵی و کەموکوڕیش ببی.

لەدوای ڕووخانی بەغدا ورژێمی بەعس بارودۆخێکی نوێ هاتە ئاراوە ، کورد ڕۆڵێکی کارای هەبوو لە نوسینەوەی دەستوری نوێی عیراق و چەسپاندنی دەستور لە پرۆسەی ریفراندۆم بۆ دەستوری عیراق، لە دەستوری نوێدا تاقیکردنە و کیانی کوردی بازێکی گەورەی هاویشت و قەوارەی هەرێم لەدەستوردا جێگیر کرا و بەشێکی زۆری مافەکانی کورد لەدەستوردا چەسپێنرا.

ئەو قەوارەی هەرێمی کوردستان کە ئێستا باس لەهەڵوەشاندنەوەی دەکەن بەرەنجامی زیاتر لەسەد ساڵ خەبات و بەرخۆدانی کورد لەمێژووی هاوچەرخ، کورد لەئاکامی حوکمی دڕندانە و ستەمکارانە و دیکتاتۆرانە و تۆتالیتاری بەعس و حکومەتەکانی پێشووتری عیراق چەندین قوربانی گەورەی داوە (ئەنفال و کیمیاباران و زیندەبەچال کردن و جینۆساد و لەسێدارەدان و شوێن بزرکردن و.... هتد کە لەمێژووی مرۆڤایەتی هاوتای نییە ، ئەو قوربانیانەی کورد داویەتی لەپێناو ئازادی و سەرفرازی لەخەبات و قوربانیدانی هەموو ولاتانی عەرەبی زیاترە!!

ئەگەر کەمێك باس لەو قوربانیانە بکەین:

-1ئەنفال کردنی زیاتر لە 8000 پیاو و مێردمنداڵی سڤیلی بارزانی.

-2ئەنفال کردنی نزیکەی 182000 کەسی سڤیل کە تائێستا بەشی زۆری تەنانەت نازانرێ لە کوێش نێژراون لەگۆڕە بەکۆمەڵەکان، بەهەمان شێوەی 8000 بارزانیەکان بەڵام لە کاتی جیاواز بووە بۆیە بەیەکەوەمان نەنووسی.

-3کیمیاباران کردنی هەڵەبجە و بادینان و شێخ وسانان و....چەند شوێنێکیتری کوردستان و شەهید کردنی زیاتر لە5000 کەس تەنها لە هەڵەبجە و بریندار کردنی هەزارانیتر و بێ کەلك کردنی زەوی ئەو شوێنانە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەبەر کاریگەریەکانی چەکی کیمیاوی و قەدەغە کراو.

-4سوتاندن و تەختکردنی نزیکەی 5000 گوند و شارۆچکەی کوردستان و ڕێگەگرتن لەخاوەن زەوی وزارەکان بۆ کارکردن.

-5ڕاگواستنی سەدان هەزار کەس لەسەر زێدی خۆیان بۆ ناوچەکانی تری کوردستان و عیراق.

-6تەعریب کردنی کەرکوك و زومار و مخمور و خانەقین و ....هتد کە نزیکەی نیوەی خاکی باشوری کوردستان دەگرێتەوە.

-7تەبعیس : پرۆسەی بە بەعسی کردنی خەڵکانێکی کوردی ئاست نزم لەڕووی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی و تەنانەت مادەی بۆ ئەوەی بە گژ میللەتی خۆیاندا بچنەوە و کارکردن لەسەر فکر و مێشکی گەنجەکان.

-8بێ بەش کردنی کوردستان لە پرۆژەی ستراتیژی و بنیاتنانی ژێرخانی ئابووری.

-9پێبەش کردنی کورد لەهەموو مافی هاوڵاتی بوون و وەرگرتنی پلە و پایە لە دەولەت.

-10زەوت کردنی ئازادیەگشتیەکان و ئازادیەکانی تاك بەجۆرێك هەرکەسێك دژی دەولەت بێت یان باسی مافی کورد بکات ئەوا چارەی زیندان و ئەشکەنجەدان و کوشتن بووە!

-11بەتاڵان بردنی خێر و بێری کوردستان وبێ بەش کردنی کورد لە سامانی سەر زەوی و ژێر زەوی کوردستان.

-12دەست تێکەڵ کردنی حکومەتی عیراقی لەگەڵ تورکیا و ئیران و سوریا بۆ لەناو بردنی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد و سەرکوتکردنی هەر دەنگێکی کورد کەباس لەماف و ئازادی بۆ کورد بکات.

-13زیندانی کردنی دەیان هەزار گەنج و لاوی کورد لەبەر ئەوەی تەنها باسی مافی کوردیان کردبێت یان گوێیان بۆ گۆرانیەکی شۆڕشگێری گرتبێت یان داوای مافێکی سەرەتایی نەتەوەییان کردبێت.

-14ئاواره کردن و دەربەدەر کردنی هەزاران خانەوادەی کورد بۆ وڵاتانی تر.

بێگومان ئەو خاڵانەی ژماردمان هەموو ئەو زەرەر و زیانە مادەی و مەعنەویانە نین کە حکومەتەکانی عیراق لە کوردیان داوە بەڵکو زۆر زیاترن بەڵام ئەوانە خاڵە سەرەکیەکان بوون.

کەواتە ئەو قەوارەیەی کە هەیە ئێستا بە فرمێسك و خوێن و قوربانی بەدیهاتووە، ئەمە لەچاوتروکانیك و بە سودفە هەڵکەوت دروست نەبووە، ئەو قەوارەیەی هەرێم چاوی هەر کوردێکی دونیای لەسەرە کە ببێتە هەوێنی دەوڵەتی کوردی لە ئاینده.

کورد هیچی لە میللەتانیتر کەمتر نییە، مەگەر لای ئەوانە نەبێ کە نەخۆشی دەروونیانی سیاسیان هەیە و سیخوڕ و خۆفرۆش و خاك فرۆشن و هەست بەکەمی دەکەن(الشعور بالنقص)، ئەگەرنا سەرەڕای هەموو کەموکورتیەکان هێشتا حکومەتی هەرێم زۆر لە بەغدا باشتر حوکمرانی دەکات کە نزیکەی 100 ساڵە دەوڵەتە، ئێستا لەرووی گەندەڵیەوە 6000 پرۆژە لەعیراقدا لەماوەی 15 ساڵی ڕابردوو تەنها لەسەر کاغەز پارەی بۆ سەرف کراوە بێ ئەوەی لەسەر زەوی هیچی جێبەجێ بکرێت و بڕی 95 ملیار دۆلاری تێدا دزراوە و دیار نەماوە. جا وەرە کەسانێك هەبن بڵێن بگەڕێینەوە بۆ بەغدا و داوای هەڵوەشانەوەی قەوارەی هەرێم بکەن!

گەرانەوە بۆ بەغدا کە میلیشیا تێیدا حوکم دەکات و تائیفیەت و مەزهەب و نەتەوەی جیا تێیدا بەگژیەکدا چوونە! عیراقێك کە بڕیار و چارەنوسی لەدەست خۆی نەماوە، عیراقێك کە هەموو عیراقیەکان خۆزگە بە کوردستان دەخوازن، دێنە کوردستان بۆ ئەوەی لەسەقامگیریدا بن و ئازادبن، ئەوان خۆیان دەڵێن ئێمە لە دۆزەخین و ئێوە لەبەهەشت!. هیچ گومان لەوە نیە کە هەر کوردێکی دڵسۆز بۆ خاك ونەتەوەکەی، بۆ مێژوو و قوربانیەکان و خوێنی شەهیدان و فرمێسکی دایکانی جگەر سوتاو،بۆ زیندانیانی سیاسی و بریندارانی کیمیاباران وراگوێزراوان و ئەنفال کراوان و ....هتد تەنانەت جورئەتی ئەوە ناکات باس لەوە بکات کە ئەو قەوارەیە پەنجەی بۆ ببردرێ.

قەوارەی هەرێم واتا کیانی سیاسی هەرێم واتا سەروەری هەرێم وجودی هەرێم، ئەرێ کەستان بینیوە لەسەر گۆی زەوی داوای نەهێشتنی سەروەری و نەمانی وجودی نەتەوەکەی بکات ئەگەر ئینتیمای بۆ نەتەوەکەی هەبێت.

پێمان وانیە بە قسەی چەند خۆفرۆش و سیخوڕ و خاکفرۆش و کاڵفام وکورت بینێك قەوارەی هەرێم مەترسی لەسەر بێت، بەڵام کێشەکە لەوەیە کەسانیك هەبن بەو جۆرە بیر بکەنەوە، کەسانیك کەبەو جۆرە بیردەکەنەوە ڕێگە خۆش دەکەن بۆ دۆزمنانیش کە جورئەت ناکەن شتی وا داوا بکەن، بەداخەوە کوردێك هەبێت ببێتە پێشڕەوی دژایەتی کردنی کوردستان، خۆ ئەو کەسانەی ئەو ڕەخنانە لە حکومەتی هەرێم دەگرن و درۆ و بوختان بۆ حکومەتی هەرێم و کەسایەتیە سیاسیەکان هەڵدەبەستن توانا و جورئەتی ئەوەیان نیە ئەسڵەن ڕەخنە لە بەغدا و بەرپرسانی ئەوێ بگرن کە ماف و شایستە دەستوریەکانی هەرێمیان زەوت کردووە. بەڵام ئەوان ئەو ئازادیە ڕەهایەی لێرە هەیە قۆستیتیانەوە بۆ ئەوەی ژەهری قین و ڕق و دواکەوتوویی و کورت بینی خۆیان هەڵڕێژن،.ئەگەرنا هەموو کەسیك بتوانێت حەرفێکی لێکدانەوەی سیاسی بکات دەزانێت کەداوای هەڵوەشانەوەی قەوارەی هەرێم دەکات چ رسکێك بە چارەنوسی گەلی کورد دەکات، و چ گاڵتەیەك بەهەموو ئەو قوربانیانە دەکات کە باسمان کردن.

پاشان لەڕووی هاوکێشەی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیشەوە هەرێم بۆتە ژمارەیەك کە هاوکێشەکانی دیکەی سیاسی ڕاگرتووە، ئەمریکا و ئەوروپا چەندین جار دووپاتیان کردیتەوە کە ئەوان پشتیوانی لەهەرێمێکی بەهێزدەکەن لە کوردستان و لە قورسترین قەیراندا لەدوای خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەر پاڵپشتی هەرێم و قەوارەکەیان کرد.

بۆیە ئەوانەی وابیردەکەنەوە کە ئەو قەوارەیە پێویستە هەڵوەشێتەوە با باش بزانن کە ئەو قەوارەیە بەرهەمی نزیکەی سەت ساڵ خەباتی کوردە و بەرەوبەهێزتر بوون دەروات و لەناوناچێت.

هۆشیاری سیاسی تاکی کورد



کامەران ڕەحمان

لە ساڵانی هەشتاکان دا چەند دراما و شانۆگەرییەك لە باشووری کوردستان بەرهەم هێندران. هۆکارێك بوو بۆ هوشیارکردنەوەی لاوانی کورد لە دەست ئەو زوڵم و زۆرەی داگیرکەرانی کورد لە ژێر ئاڵای ئایینی ئیسلام بە ناوی عوسمانی و سەفەوی لە کوردیان کردبوو . ئەو سیخوڕە ناوەخۆیانەشیان پێدەناساندین، کە بۆ بڕێك پارە چاوساغییان بۆ داگیرکەران دەکردوو خەڵکییان لە نیشتیمان پەروەری سارد دەکردەوە. بۆ دەستەمۆکردنی هاوڵاتیانی کورد تا لە خزمەت سیاسەتی داگیرکەرانی تورك و عەرەب و فارس بن . ئەو کارە هونەری و خەباتی لایەنە سیاسییەکانی کورد کە لە شاخ بوون پەروەردەیەکی ڕاست و دروستی جوانیان بۆ لاوی کورد دروست کرد بە جۆرێك کە متمانەی زۆری بەخۆی هەبوو . هەر ئەو متمانەیەش بوو کە توانی کوردستانی باشوور بەرەو ڕاپەڕین و بەعس ڕامااڵین بکات .((هۆشیاری سیاسی تاکی کورد)).

ئەو کارە هونەریی و نیشتیمان پەروەرییانە و خەباتی لایەنە سیاسییەکانی کورد کە لە شاخ بوون پەروەردەیەکی نیشتیمانی وایان بۆ لاوی کورد دروست کرد بە جۆرێك کە متمانەیەکی زۆری بەخۆی هەبێت . هەر ئەو متمانەیەش بوو کە توانی کوردستانی باشوور بەرەو ڕاپەڕین و بەعس ڕامااڵین ببات . کە بووە هۆی دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و دواتر ئارامی و ئاوەدانییەکی زۆری بەدوا داهات بە شێوەیەك کە هەموو شارەکانی عێراق هێندەی شاری هەولێر ئاوەدانی پێوە دیارنییە . ئەوە جگە لە ئاسایش و ئارامییەکەی کە بۆتە پەناگایەکیش بۆ ئاوارەکان . لەگەڵ ئەوەش هەموومان هەست بە کەم و کوڕییەکانیش دەکەین و کەس ناتوانێت بیشارێتەوە . بەڵام ئەوە بەو مانایە نایەت کە چەواشەکار و خاك و خۆفرۆشێکی وەکوو سۆران عمر داوای هەڵوەشانەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان بکاتەوە و تەسلیم بە عێراقی عروبە و مەزهەبی شیعەی ئێرانی بکات تا گیانی سەردار و سەرکردە فاشیزمەکان لە نێو گۆڕیاندا ئارامێت . بە داخەوە لە ژێر سێبەری دیموکراسییەت کوردستان بووە شوێنی هەموو ئایدۆلۆژیا و بیروباوەڕەکان کە هەندێکیان باوەڕیان بە ئەی ڕەقیب و دیموکراسییەت و سیستەمی پەرلەمانیش نییە. ئەوانە تا ئێستا بۆ کوردستان شەهیدێکیان نەداوە و بۆ کورد داڕێکیان نە خستۆتە سەر بەرد . کەچی چەواشەکارییەکانیان بە جۆرێکە وایان لە کۆمەڵگای کوردی کردووە کە وابزانن کێشەی کورد تەنها کێشەی مووچەیە و هیچ کێشەیەکی تری نییە!! . بەداخەوە ناتەبایی و کەموکوڕییەکان و خاك فرۆشی خەڵکی کاڵفام و چەواشەکارییەکانی ئەو لایەنە سیاسییانە بە گشتی بێزارییەکیان دروست کردووە و وایان لە تاکی کورد کردووە کە ئینتیمای نیشتیمانی لایان لاواز بێت . ئەو دەستانە خۆیان ئاشکرا کردووە کە نییەت و مەرامیان لە ڕەخنە و چەواشەکارییەکان چی بووە پێویستە تاکی کورد هۆشیار بکرێتەوە بۆ ئەوەی کارەساتی زیاتر لە شێوازی ئەنفال و کیمیا باران و تەعریب کردن جارێکی تر لە کوردستان دووبارە نەبێتەوە.



سیناریۆو دەرهێنان لەبەختە بارانەدا



حەیدەر عەبدولڕەحمان
بەشی سێیەم و کۆتایی

سیناریۆ: سیناریۆ لەزنجیرەی درامادا ئەو زەمینەیەیە کە تەواوی ڕەگەزە هونەرییەکانی دیکەی لەسەر بونیات نراوەو بەکرۆکی سەرەکی ئەو بونیاتە هەڵمار دەکرێت، هەندێ جار سێ کەس لەنووسینەوەی دەقی درامادا بەشداری دەکەن، ڕۆمان نووس یان چیرۆك نووس یاخود خاوەنی بیرۆکە، دووەمیان ئامادەکار کە ئەرکی گۆڕ ینی چیرۆك بۆ درامادەگرێتە ئەستۆ و دیالۆگی بۆ دادەنێت و کاراکتەرەکان بە پێی پێویست کەم و زیاد دەکات، سێیەمیان سیناریۆ نووسە کە دیمەنەکان دروست دەکات و گرتەکان دیاری دەکات.

ئەم سێ کەسە پسپۆرە هەر یەکەو بەپێی پسپۆری خۆیان دەبنە یاریدەدەری دەرهێنەر بۆ ئەوەی کارێکی هاوبەش دروست بکەن، دوای ئەوان ڕۆڵی دەرهێنەر دێت کە زمانی وێنە بەدەق ببەخشێت و خەیاڵی تایبەتی خۆی زێدە دەکات، هەموو ئامرازە هونەرییەکانی خۆی بۆ بەرجەستە کردنی دەق دەخاتە کار، لەموزیك و موئەسیراتی دەنگ و ڕووناکی و بەکارهێنانی کامێرا.

لە درامای (بەختە بارانە) نووسەرێك (ئەحمەد ڕەزا) ئەرکی هەرسێ کەسی نووسەرو ئامادەکارو سیناریۆ نووسی بە تاقی تەنیا بینیووە، ئەم ئەرکە ڕەنگە بۆ نووسینی سیناریۆی کورتە فیلمێك، یا درامایەکی تەلەفزیۆنی ئاسایی بێت، ئەگەر نووسەرەکە شارەزایی و ئەزموونی لەهەر سێ بواردا هەبێت، بەڵام بۆ نووسینەوەی زنجیرەی تەلەفزیۆنی ئەرکێکی قورسە، بەتایبەت ئەگەر زنجیرەکە ٨٠ ئەلقە بێت.

بۆیە چەند ئەوەندەی ئەرکەکان بەسەر نووسەری دەق زۆرتر بن، ئەوە کاریگەرییە نەرێنیەکان بەسەر دراماکەدا زۆرتر دەبێت، بەتایبەتیش ئەگەر دەرفەتی پێویست لەبەردەم نووسەردا دەرفەتێکی دیاری کراو بێت و تەنگەتاو بکرێت بۆ تەواو کردنی بەرهەمەکە، چونکە بمانەوێت و نەمانەوێت نووسەر چەند خاوەنی ئەزموون بێت، پێویستی بەکاتی پێویست هەیە بۆ چنینی خەیاڵ و بونیات نانی کاراکتەرەکان و دروست کردنی گرێ و چارەسەر کردنی درامی و دەیان کاری تر، بەهەر فشارێکیش لە ژێر جەختی بەرهەم هێنەر ئەوە نووسەر ناچاری ئەوە دەبێت کە چاوپۆشی بکات، لە چارەسەر کردنی گەلێك کەلێنی بە تاڵ کە زنجیرە دراماکە لاواز کات.

لە سۆنگەی دروست نەبوونی ئەو کەلێننەو سووك کردنی قورسایی بەسەر نووسەری سیناریۆ، هەندێ لەکۆمپانیا جیهانییەکانی بەرهەم هێنانی زنجیرە دراما، چەندین سیناریۆ نووس لەبەرهەمێکدا کۆ دەکەنەوە، بۆ ئەوەی سیناریۆش بێتە ئەرکێکی هاوبەش و بەرهەمەکە لەنێوان چەندین سیناریۆ نووس دابەش دەکرێت، هەندێ لەو سیناریۆیانە لەگەڵ تۆمارکردنی بەرهەم و ڕووداوەکانیدا دەڕۆن و ڕۆژ بەڕۆژ سیناریۆکە دەنووسرێت و بەسەر ئەکتەرەکاندا دابەش دەکرێت، ئەو کاتە سیناریۆ نووسەکان ڕاوێژ لە ڕاوێژکارو بەرهەم هێنەرەکان وەردەگرن بۆ ڕەوتی دراماکە و دەرهێنەریش رایان دەپەڕێنێ، بۆیە ژمارەی ئەلقەکان هەر چەند بن، بەبێ کێشە بەرهەمەکان بەڕێوە دەچن.

لە بەختە بارانەدا ئەو بارە قورسە لەسەر سیناریۆ نووس دەبینین :

پێویست بوو هەموو تەوەرەکان بەیەکەوە نەخرێنە ڕوو، چونکە ڕۆیشتنی ئەو هەموو تەوەرە بە یەکەوە، ڕێگە نادات تەوەرەکان تێر بکرێن و بینەر ئاشنا بەکەسایەتیەکان بێت، بەڵکو وا باشتر بوو کە سەرەتا دەرهێنەر بەیەك دوو تەوەری سەرەکی بێتە پێشەوەو وردە وردە لق و پۆپ لە تەوەری سەرەکی کردبوایە و ریتمی دراماکە بەشێوەیەکی سروشتی بەڕێوە چووبا، هیچ پێویستیان بەوە نەبوو هەر لە دەست پێکدا هەموو کۆمپانیاکان بە دیمەنێك دووان وەك بروسکە نیشان بدەین و دواتر وازیان لێ بێنین

٢.دەرکەوتنی هەندێ کاراکتەر ڕاستەوخۆیە، یەکسەر دەچێتە ناو دیمەن بێ ئەوەی ئەو کەسایەتیانە باگ ڕاوندێکییان هەبێت بینەر شتێ لەسەرچاوەی ئەوانەوە بزانێت، بۆ نموونە دەرکەوتنی مریەمی قاچاغ چی، ئەو کوڕە گەنجەی ڕۆڵی ئاشقێك دەبینێ و لە سەر شەقام لە چاوەڕوانی کچەکەی زوبێر بۆ دلدارەکەی، لێدانی کەسێك لە تاریکی دا، ئازاردانی یەکێکی تر لە سەر شەقام و فڕاندنی . بێ ئەوەی ئەو دیمەنانە هیچ باگ ڕاوندێکیان هەبێت و بازدانێکی ناوازەی تێدا بێت کە پێشتر بینەر هیچ زانیاریەکی دەربارەیان نەبێت، بەڵام ئەگەر بتەوێت بپرسیت چۆن بێ پێت دەڵێم : ئەوەتە پەیوەندی بەستنی خۆشەویستی نێوان خوشکەکەی هەندرێن و کوڕەکەی زوبێر سروشتییە چونکە ڕێکەوتێکی یەکتر ناسین لە نەخۆشخانەو بەپاساوێکی لۆژیکی و سروشتی خۆی هەبوو، بەڵام ئەی ئەوانی تر؟

٣.دیالۆگ لاوازەو بە گشتی هێز لە دارشتنی دیالۆگەکاندا نابینم، ئەم لاوازیەش کاریگەری نەرێنی بەسەر لاواز بوونی کەسایەتیەکاندا بەجێ دەمێنێ، ڕەنگە هەندێ لەو دراماکە بەشێوەیەکی سروشتی بەڕێوە چووبا، هیچ پێویستیان بەوە نەبوو هەر لە دەست پێکدا هەموو کۆمپانیاکان بە دیمەنێك دووان وەك بروسکە نیشان بدەین و دواتر وازیان لێ بێنین

٢.دەرکەوتنی هەندێ کاراکتەر ڕاستەوخۆیە، یەکسەر دەچێتە ناو دیمەن بێ ئەوەی ئەو کەسایەتیانە باگ ڕاوندێکییان هەبێت بینەر شتێ لەسەرچاوەی ئەوانەوە بزانێت، بۆ نموونە دەرکەوتنی مریەمی قاچاغ چی، ئەو کوڕە گەنجەی ڕۆڵی ئاشقێك دەبینێ و لە سەر شەقام لە چاوەڕوانی کچەکەی زوبێر بۆ دلدارەکەی، لێدانی کەسێك لە تاریکی دا، ئازاردانی یەکێکی تر لە سەر شەقام و فڕاندنی . بێ ئەوەی ئەو دیمەنانە هیچ باگ ڕاوندێکیان هەبێت و بازدانێکی ناوازەی تێدا بێت کە پێشتر بینەر هیچ زانیاریەکی دەربارەیان نەبێت، بەڵام ئەگەر بتەوێت بپرسیت چۆن بێ پێت دەڵێم : ئەوەتە پەیوەندی بەستنی خۆشەویستی نێوان خوشکەکەی هەندرێن و کوڕەکەی زوبێر سروشتییە چونکە ڕێکەوتێکی یەکتر ناسین لە نەخۆشخانەو بەپاساوێکی لۆژیکی و سروشتی خۆی هەبوو، بەڵام ئەی ئەوانی تر؟

٣.دیالۆگ لاوازەو بە گشتی هێز لە دارشتنی دیالۆگەکاندا نابینم، ئەم لاوازیەش کاریگەری نەرێنی بەسەر لاواز بوونی کەسایەتیەکاندا بەجێ دەمێنێ، ڕەنگە هەندێ لەو کاراکتەرانە پێویستیان بە دیالۆگی بەهێزتر بوو، بۆ ئەوەی کەسایەتیان، هزریان، ئەخلاقیان، شارەزایی و مەعریفەتیان و زۆر فاکتەری دیکەی ناسینی ئەو کەسایەتیانە لەڕێگەی زمان و دیالۆگیانەوە بناسین

٤.دیمەنەکان پچڕ پچڕو کورتن، مۆڵەتی ئەوە بەبینەر نادەن چێژ وەرگرێ، هەرکە وەك باڵندەی کێوی لێیان نزیك بیتەوە دەفڕن، تەنانەت دەرهێنەریش نەیتوانییوە بەوێنە چارەسەری ئەو کورتیە بکات، من لەو چەند ئەلقەیە تەنیا دیمەنێکم لەو فۆرمە بینی کە من ئاواتم بۆ دەخواست ئەو دیمەنە بووکە زوبێر لە گەرماوەکە دێتە دەر خالیەکی لەسەر شانە، دواتر بەهێمنی دەچێتە لای کچەکەی و قسە خۆشەکان لەگەڵ کچەکەی دا دەکا..پێم باش بوو هەر دیمەنێك بەشی خۆی وەرگرێ لەکات، بوار بدرێتەکامێرا حاڵەتە سروشتییەکان وەك خۆی نیشانی بینەر بدا

دەرهێنان :

کاری دەرهێنان کارێکی پیشەیی و هونەرییە و کەم لە ئەکتەرەکان بوێری خۆ لێدانیان هەیە لە هونەری دەرهێنان، ئەگەرچی مێژوویەکی دوورو درێژییشان هەبووە لەگەڵ نواندنداً، بەڵام هەرگیز ڕێگەیان بەخۆیان نەداوە کاری دەرهێنانی تەلەفزیۆنی یا سینەمایی ئەنجام بدەن، ئەوەتا کاتێ پرسیار لە(تۆم کرۆز) ی ئەکتەری ناسراوی ئەمریکی دەکری، کە بۆچی کاری دەرهێنان ناکات دەڵێ: ئەگەر هەواداراکانم هەواڵێکی وا ببیستن ڕەنگە بە شێتم ناو بەرن.

د. نیاز لەتیف وێڕای ئەو ئەرکە قورسەی وەك دەرهێنەر، لەهەمان کاتیشدا وەك ئەکتەرێکی زنجیرەکە کاری نواندنیش دەکات، بۆیە کارێکی چاکی کرد، کە لەو دواییەدا ئەو کاراتەرەی مراند

بێگومان هەر بەرهەمێکی درامی پێویستی بەکاتێکی دیاری کراو هەیە بەپێی کورت و درێژی بەرهەم، بەڵام تۆ بڵێ ی زنجیرە یەکی هەشتا ئەلقەیی، پێویستی بەچەند کات هەبێت، بۆ دیاری کردنی لوکێشن و پرۆڤە کردن و وێنە گرتن و دووبارە کردنەوەی تۆمار کردن و ڕێك خستنی ڕووناکی و دیکۆرو جلو بەرگ و دەنگ و کارە هونەرییەکانی تر؟

بێگومان قەیرانی کات وا لەدەرهێنەر دەکات، لەسەر زۆر لەو وردەکارییە هونەرییانەدا باز بدات، ئەوەتا بۆشاییەکان لەبەرهەمەکەدا بە زەقی دیارن، بەتایبەت لەبواری دیاری کردنی لوکێشن و فلات بوونی ڕووناکی و گیرو گرفتەکانی وێنە گرتن و دووبارە نەکردنەوە و هەڵبژاردنی یەك گۆشەیی وێنە و فەرامۆش کردنی ڕووناکی

لەبەرهەمەکەدا دەیان دیمەن هەن، کە گۆشەی کامێرای تێدا نەگۆڕاوەو تا تەواو بوونی دیمەنەکە یەك گرتەیە، یا تەنیا لوکێشنێك بۆ چەندین گۆشەی جیا جیا تەرخان کراوە، ڕەنگە ئێستا بوار نەبێت یەکە یەکەی ئەو دیمەنانە بیر بینەر بهێنمەوە

لە دەستپێکی زنجیرەکەدا تا دەگاتە ئەلقەی دەیەم، ڕیتمی دراماکە زۆر خێرایە، ئەو خێراییە وای کردووە، دیمەنەکان بە سەرپێیی تێپەڕن و کەمتر بوار بۆ بینەر بە جێ بێڵن بۆ ناسینی کاراکتەرەکان و وەرگرتنی بیرۆکەی سەرەتایی فەلسەفەو ئامانجی دراماکە، ڕەنگە سیناریۆ کاریگەری بەسەر ئەم دیاردە هەبوو بێت، بەڵام دەرهێنەر دەبوا بەخەیاڵی خۆی، بونیاتێکی نوێ ی وێنەیی بۆ سیناریۆکە بکات لە ڕێگەی وێنەو زمانی کامێراوە

هەر ئەو ریتمە خێرایە وای کردووە ڕەگەزی چێژ لە دراماکەدا بە دەگمەن بێت، بێگومان سەرچاوەکانی چێژیش لە درامادا دیارن لەوانە:

١.چێژ لەڕێگەی دروست کردنی لوکێشنی سەرنج ڕاکێش لەوانەی ستاتیکیایەك بۆ بینەر دروست دەکەن.

٢.چێژ لە ڕووناکی، کە بەرجەستەی هەموو ئەکتەرێك دەکات و لە ڕێگەیەوە نەك هەر زەمەن، بەڵکو دەبێتە بەعێزترین ئامراز بۆ گوزارشت کردن لەدیوی ناوەوەی ناخی ئەکتەر لە حاڵەتەکانی نیگەرانی، ترس، خۆشی، هەموو حاڵەتە دەروونییەکانی تر.

ئەو ڕەگەزەش لەبەختە بارانەدا ونەو لەکەم دیمەندا هەست بە بەها هونەریی و سایکۆلۆژیەکانی دراماکە دەکەیت، بەڵکو بەگشتی هاوێنەی کامێرا هەمیشە کراوەیەو وێنەکان بە فلات نیشان دەدەن، جگە لەدیمەنە تاریکەکانی لفڕاندنی سەنگەرو وەرگرتنەوەی لەلایەن زوبیرەوە نەبێت، لەوێش نەتواندراوە ڕووناکی وەك پێویست تەوزیف بکرێ، بە لێکو دیمەنەکان لە ناو تار یکی دا خنکاون .

٣ .ڕەگەزی موزیك ـ کە ئەویش هاوشێوەی ڕووناکییە و پەیوەستە بەریتمی نواندنی ئەکتەرو ریتمی ڕووداوەکان، چونکە لە کاتی وێنەگرتن دا سێ ریتم بە یەکەوە دەڕۆن، کە بریتین لە:

ریتمی نواندن

ریتمی کامێرا

ریتمی موزیك

ریتمی ڕووناکی

بەهەموو ئەو ڕەگەزانەوە ئینجا دەاوانین دیمەنێکی درامی دروست بکەین، کە هەم بینەر لەگەڵ خۆیدا بوروژێنێ، هەمیش جوانییەك بەدرامابەخشێت .

لە زۆرینەی دیمەنەکاندا بینەر هەست بە ون بوونی بە ڕێوەچوونی ئەو ڕەگەزانە ناکات، بە دەیان دیمەنی نیگەرانی و دیالۆژی دەروونی هەیە، کەچی بەهۆی تێر نەکردنیان بەو دیمەنانە بە مردوویی بە جێ ماون، یاخود ئەکتەر جوانترین پێرفۆرمانس ئەنجام دەدا، بەڵام بە تەنیا هیچی بۆ ناکرێ و هەست و ئیحساسەکانی نواندنی لە بار دەچن.



سارتەرو شیعر

نووسینی/ ماریۆ فارگاس یۆسا
وەرگێڕانی/ ڕەمزی میرەکانی

سارتەر خوێنەرەکانی خۆی لە دژی گاڵتە و گەپ هاندەدا، وای لێدەکردن باوەڕ بەوە بێنن پێکەنین لە ئەدەبی ڕاستەقینەدا قەدەغەیە. ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەمەی نەوتووە، بەڵام پێویستی بەوە نەبوو وا بڵێ: چیرۆکەکانی، شانۆگەرییەکانی، ڕۆمانەکانی لە ڕووی ئەخلاقییەوە سەرڕاست بوون، هەروەها سارتەر موریدەکانی خۆی هان دەدا بایەخ بە شیعر نەدەن، چونکە سارتەر حەزی لە شیعر نەبوو و تێشینەدەگەیشت.

ئەو شتەم بۆ دەرکەوت ئەو ڕۆژەی لەژێر کاریگەری ئەودا بووم، ئەو کاتەی لە کاتی خوێندنەوەی وتارەکانی لەبارەی بودلێر یان شیعری ڕەش بۆم دەرکەوت، شیعری وەکو پەخشان وەردەگرت و ئەو چەمکە ئەقڵانیانەی وەردەگرت کە لە شیعر گوزارشتیان لێدەکرا. تێنەگەیشتنی سارتەر لە شیعر مانای مامەڵەنەکردنی لەگەڵ سوریالیزم بە شێوەیەکی ئاسایی دەگەێنێت، سوریالیزمی وەکو گوزارشت لە بۆرجوازیەتی پەککەوتوو دەبینی، کاریگەری بزاوی سوریالیزمی بەسەر هونەر و گۆڕەپانی هونەری بەکەمدەزانی.

دیارترین سیفەتەکانی سارتەر لەمبارەیەوە، ئەوەیە ڕۆمانەکانی سارتەر شاراوە نەبوون، هەموو شتێك لە ڕۆمانەکانیدا دەکەونە ژێر باری ئیمپراتۆریەتی ئەقڵەوە.

هیچ هونەرێك نییە بڕێك لە بێ ئەقڵی تێدا نەبێت، لەبەر ئەوەی هونەری مەزن گوزارشت لە ئەزموونی مرۆڤ دەکات، کە هەست و کەڵکەڵە و شێتی و خەیاڵ وەکو هەزر ڕۆڵی گرنگیان هەیە. لە کارەکانی سارتەردا مرۆڤ وا دەردەکەوێ تەنیا لە هەزرەکان دروست کرابێت، لەبەر ئەوەی هەموو سیفەتێك لە کەسایەتی نێو ڕۆمانەکانی بە پەرۆشیشەوە، دیاردەیەکی خراوەسەری درککردنی مرۆڤییە.

چونکە زیرەکی سارتەر لە ڕادەبەدەر بوو، بە جۆرێك بە بزوێنەری بیرکەردەوە بەڕاورد دەکرا، توانای ئەوەی هەبوو تەنیا لە سۆنگەی هزرەکانەوە شت بنووسێت.

لە نووسینی چیرۆك و شانۆگەرییدا زۆر سەرنج ڕاکێش بوو، لەبەر ئەوەی هەستی هزر و ئەقڵ بەسەریدا زاڵبوو. لە ڕۆمانەکانی سارتەردرا هزرەکان سرووش بە ژیان دەبەخشن، جەستەکان لە کەسایەتییەکان جیادەبنەوە، جیهان وەکو پاساوێك بۆ دروستکردنی هزرەکان دێتە بەرچاو، بۆیە هەرچەندە بەشداریکردنی کارای لە دیمەنی مرۆڤی و کێشەکانی سەردەمەکەیدا هەبوو، کە لە دیدی بۆ پابەندبوون گوزارشتی لێی کردووە، کەچی ڕۆمان و شانۆگەرییەکانی ئێستا بە شێوەی ناڕاستەقینەیی دەردەکەون.

سەرچاوە: www.laghoo.com

بەکر بەهرەمەند:

من باوەڕم بە ڕێککەوتننامەی جیهانیی مافەکانی منداڵ هەیە و بڕگە بە بڕگە کارم بۆ بەدیهێنانی کردووە

دیمانە: ڕۆستەم خامۆش

بۆ گرنگیدان بە ئەدەبیات و هونەر و مافی منداڵان و ئاوڕدانەوە لە کەسایەتیەکانی ئەو بوارە، بە پێویستمان زانی ئەو دیمانەیە لەگەڵ چالاکوانی بواری مافی منداڵان و سەرۆکی ڕێکخراوی بەهرەمەند بۆ هۆشیاری منداڵان «بەکر بەهرەمەند « ساز بکەین.

- بۆتان ڕەحمان ناسراو بە بەکر بەهرەمەند
- ساڵی ١٩٧٦ لە شاری هەولێر لە دایك بووە
- دەرچووی پەیمانگایە
- چالاکوانی نێودەوڵەتی مافەکانی منداڵانە
- خاوەنی ڕێزلێنانە لەلایەن کۆنگرێسی ئەمریکا لە بواری مافەکانی منداڵ

• لە کەیەوە کار لەسەر مافی منداڵان دەکەیت و ئامانج و پەیامت چیە؟

- دیارە هەموو کارێك دەبێ لە ئەنجامی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە بێت, نەوەك لەسەر بنەمای تەقلیدی, ئەوە بوو من ماوەیەکی زۆر لێگەڕینم کرد و خوێندنەوەی جیهانیی و ناوخۆیی و بابەتەکانی تایبەت بە منداڵ و مافەکانیان, منیش لە دوای خوێندنەوەیەکی گەورە و توێژینەوەکانم گەیشتمە ئەو باوەڕەی, کە منداڵان پێویستیان بە کەسان و پارێزەری مافەکانیانە, کە کاریان بۆ بکرێت, چونکە منداڵانی کوردستان لە زۆر شت بێبەش بوون و مافەکانیان ڕۆژانە پێشێل دەکرا و ناخی ئازاری دەدام, بۆیە من لە سەر ئەو بنەمایانە هاتمە ناو کارکردن بۆ پاراستنی مافەکانی منداڵان و لە ساڵی ٢٠٠٣ وە بەشێوەی پراکتیکی کارم بۆ پاراستنی منداڵ و مافەکانی کرد, کە دەستم بەڕاپرسی و خوێندنەوە بۆ منداڵان کرد, من ئامانجی گەورەو خەونی گەورەم هەبوو تا ئێستاش کار بۆ ئەو ئامانجە گەورانە دەکەم و پەیامەکەشم ئەوە بوو منداڵانی کوردستان وەکو هەموو منداڵانی جیهان بینە خاوەن مافەکانیان و پارێزراو بن و دوووربن لە هەموو جۆرە پێشێلکاریی و تونددوتیژیەکان. ئامانجێکی تریشم ئەوە بوو, پەیامی منداڵانی کورد بە جیهانیی بکەم, تا ڕادەیەکیش گەیشتمە ئەو ئاستە, کە ئێستا من چالاکوانیی نێودەوڵەتیم و تاکە چالاکوانیی مافەکانی منداڵانی کوردم, کە نێودەوڵەتییم و خاوەنی ڕێزلێنان و سوپاسنامەی کۆنگریسی ئەمریکام, ئەوەش لەسەر بنەمای سیڤیەکەم بوو, کە خەڵات بکرێم لە ئاستێکی بەرز.

• چۆن پێناسەی منداڵ دەکەی؟

- من باوەڕم بە ڕێککەوتننامەی جیهانیی مافەکانی منداڵ هەیە و بڕگە بە بڕگە کارم بۆ بەدیهێنانی کردووە, بۆیە بە گوێرەی ئەو پێناسەی دیاریکراوە, منداڵ لە تەمەنی سفر تا بەر لە ١٨ ساڵییە, ئەوە پێناسەیەکی نێودەوڵەتییە و هەر وڵاتە و بەگوێرەی یاساکانی و ژینگەی وڵاتەکە تەمەنی منداڵ دیاریکراوە, بەر لە دایکبوونیش کاتێك ژن و میردێك بیانەوێت مناڵ بخەنەوە, دەبێ ئامادەیی و خۆ پێگەیاندنیان تێدابێ, ئایە دەتوانن منداڵ بخەنەوە و لەکاتی کۆرپەی ناو زگی دایکیش دەبێ دایکەکە بزانێ لە خواردن و وەرزش و ڕاهێنان, ئامادەیی تێدا بێت و دواتریش منداڵ زۆر گەورەیە و پێویستی بە پەروەردە و دابینکردنی ئایندەکەی و خواست و حەزەکانی ئینجا منداڵ بخەنەوە, چونکە هێنانە دنیای منداڵ وا ئاسان نیە .

• تۆ, وەک سەرۆکی ڕێکخراوی بەهرەمەند بۆ هۆشیاری منداڵان, ئەو ڕێکخراوە کەی دامەزراوە, ئەگەر پێناسەیەکی بکەی بۆ خوێنەرانی بەڕێز, یان لە ڕابردوو چیتان کردووە, وە دەتانەوێ لە ئایندەدا چی بکەن بۆ منداڵان ؟

- ڕێکخراوی بەهرەمەند بۆ هۆشیاری منداڵان لە لایەن کۆمەڵێك قوتابی کۆلیژی زمان و ئادابی زانکۆی سەلاحەددین و چەند کەسێکی تری چالاکوان دامەزرا, لە ساڵی ٢٠٠٥ پڕۆژەکە نوسراو کاری لەسەر کراو دەست بە چالاکیی کرا, کە ڕێکخراوێکی ناحکومی سەربەخۆیەو گرنگی بەمنداڵانی بەهرەمەند دەدات و کار لە سەر پێگەیاندنی توانا لێهاتوویەکانی منداڵ دەکات بە شێوەی زانستیی و سەردەمیانە, وەبڵاوکردنەوەی هۆشیاریی ماف و یاسای تایبەت بەمنداڵان, ئەو ڕێکخراوە لە سەر توانا مرۆیەکانی دەستەی دامەزرێنەر و دەستەی بەڕێوەبردن بەسەدان منداڵی پێگەیاندووەو ئێستا هەریەکەو لە بواڕێك ڕۆڵی بەرچاوی هەیە و دیارن لەناو کۆمەڵگە و دەیان فێستیڤاڵ و کۆڕو کۆبوونەوەی ئەنجام داوە, خاوەنی دەیان پڕۆژەو ڕەشنووسی تایبەت بەمنداڵانە, ڕێکخراوێکی ناسراوەو لەئاستی وڵاتانی عەرەبی و ئەوروپی و ئەمریکا, کە بەدەیان خەڵکیش لە ڕێگەی ئەو ڕێکخراوە فێری کاری خۆبەخشی و ڕێکخراویی بوون, دەتوانین بڵێین بووە بە قوتابخانەیەك بۆ پێگەیاندن و فێربوون. خەونی گەورەی ئایندەمان, بەستنی کۆنگرەی منداڵانی کوردە لە دەرەوەی کوردستان, منداڵانیش بینە خاوەن یاسای پاراستنی منداڵ لە هەرێمی کوردستان.

• وەك ڕێکخراوی بەهرەمەند بۆ هۆشیاری منداڵان, جگە مافی زارۆکان, تا چەند کارتان لەسەر ئەدەب و هونەری منداڵان کردووە؟

- ئەدەبی منداڵان یەکێکە لە سێکتەر و بواڕە گرنگەکانی ڕێکخراوی بەهرەمەند بۆ هۆشیاری منداڵان, ساڵانە پێشبڕکێی چیرۆك و شیعر خوێندنەوە بۆ منداڵان ساز دەکەین و چەندین منداڵی بەهرەدار, کە خاوەن بەهرە بوونە لە بواڕەکانی چیرۆك و شیعر, لە ڕێگەی ڕێکخراوی بەهرەمەند پێگەیشتوون.

ئێستا قەڵەمی بواری ئەدەبی منداڵانن و جگە لە زۆربەی شارەکانی هەرێمی کوردستان پێشبڕکێی ئەدەبی منداڵانمان سازکردووە, لە سەردەمی کۆڕۆناش لە ڕێگەی ئۆنلاین پێشبڕکێی چیرۆك و شیعرمان بۆ منداڵانی بەهرەدار ئەنجامداوە.

• جگە لە ڕێکخراوی بەهرەمەند بۆ هۆشیاری منداڵان, تۆ نزیکیت لە ڕێکخراوی هاوڕێیەتی منداڵانی کورد- ئەمریکی, ئەو ڕێکخراوە پەیامی چیەو دەیەوێ چی بکات بۆ منداڵانی کورد و ئەمریکی؟

- بەڵێ ڕێکخراوی هاوڕێیەتی منداڵانی کورد- ئەمریکی کار لەسەر دۆستایەتی نێوان منداڵانی کورد و ئەمریکا دەکات لە ڕێگەی گۆڕینەوەی پەیامی مرۆڤدۆستی و ئاشتی و خۆشەویستی و سوود وەرگرتن لە کەلتوور و بواری پەروەردە, بەستنی کۆنفرانسی دۆستایەتی لەنێوان منداڵانی کورد و ئەمریکا و دەمانەوێت منداڵانی کورد بەجیهانیی بکەین و بیناسێنین, کە کورد زۆر پێویستی بە ناسینی ئاستی جیهانیی هەیە, بۆیە ئێمە کار لەسەر بەجیهانیی بوون لەنێوان گەلان دەکەین.

• بەڕای بەڕێزت تا چەند کەناڵە کوردیەکان لایەنی دەروونیی و پەروەردەیی منداڵانیان لەبەر چاوگرتووە, لەکاتی پێشکەشکردنی بەرنامە و فیلم و دراما؟

- بەداخەوە یەکێك لەو پێشێلکارییانەی بە بەردەوامی دەیکەن بەرامبەر بەمنداڵ بەشێك لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنە, چونکە ئاگاداری ڕێککەوتننامەی منداڵ و چۆنیەتی ڕەچاو کردنی مافی منداڵ و ئەو دەستەواژانەی بە کاری دەهێنن چەندە لە گەڵ دنیای منداڵ و ناخ و هەستی منداڵ دەگونجێ, یاخود نایێتە هۆی پێشێلی مافی منداڵ, ساڵانە ئێمە ڕاپۆرتمان هەیە لەسەر پێشێلکاریەکانی ڕاگەیاندن, ئەوەش بۆ ناشارەزایی ئەو دەزگایانە دەگەڕێتەوە, کەناڵی منداڵان هەیە نازانێ چۆن مامەڵەو پڕۆگرامەکانی بەشێوەی دورست پێشکەش بە منداڵان بکات, زۆربەی پڕ کردنەوەو چاولێکەریەو یاخود فیلمەکانی پەخش دەکەن پڕن لە تونددوتیژی, کە لەگەڵ تەمەن و کاتەکەشی بۆ منداڵ گونجاو نییە, منداڵان لاسایی تونددوتیژی و ڕەفتارە نادروستەکانی ناو ئەو دراما و پڕۆگرامانە دەکەنەوە, کە جێگەی مەترسییە بۆ سەر ژیان و ئایندەی منداڵ و ڕیکلامەکانیش پێشیلی مافی منداڵە, کە لە کەناڵەکان پەخش دەکرێت, دەبێ وەزارەتی ڕۆشنبیری چاودێری بەسەریانەوە هەبێت و قەدەغەی بکات تا ڕادەی غەرامەی مادی و داخستنیش, چونکە ئایندەی منداڵان لە زۆر بەرژەوەندی دیکە گەورەترە, دەبێ لەو کەناڵانەش, کەسانی پسپۆڕ و شارەزا, هەڵسەنگاندن بۆ بەرنامەو پڕۆگرامەکان بکەن, بەرلە پەخش کردن و ڕەچاوی منداڵ و دنیای منداڵ و مافی منداڵ و هەست و دەروونی منداڵ کرا بێت .

• سەردانی چەند وڵاتێک کردووە بۆ زیاتر خزمەت کردنی منداڵانی کورد, ئەگەر باسێکی ئەو سەردانانە بکەیت بۆ خوێنەرانی هێژا؟

- بە شێوەی فەرمی لە زۆربەی کۆنفرانس و کۆنگرەکانی تایبەت بە منداڵانی ئیشکەر و تیشک خستنە سەر ئاریشەکانی منداڵی ئیشکەرە, بەگوێرەی ڕێکەوتننامەی مافی منداڵ و یاسای کاری نێودەوڵەتی و ناوخۆیی, منداڵانی خوار تەمەنی (١٥) ساڵی بەهەموو شێوەیەك قەدەغەیە, پێشیلی مافی منداڵانە, چونکە منداڵ نابێت کار بکات, بەڵکو دەبێت لە سروشت و دنیا جوانەکەی خۆی ژیان بکات و دانەبڕێت بەهۆی خستنە بەر کار کردن, هیچ منداڵێك حەزناکات کار بکات, بەڵام بەهۆی ناڕۆشنبیری و کەلتووری دواکەوتوویی بەشێك لە ئەنجامی قەیران و کارەسات و بارودۆخە خراپەکانی وڵاتان, منداڵ دەخرێتە بەر کارکردن, لە هەرێمی کوردستانیش ڕێژەیەکی زۆری منداڵان بەداخەوە کار دەکەن, ئێمە لە ماوەی ڕابردوو هەڵمەتی هۆشیارییمان ڕاگەیاند بۆ هۆشیارکردنەوەی دایك و باوکان و منداڵان لەسەر مافەکانیان تارێژەی کارپێکردنی منداڵان سنوردار بکەین و یاداشتێکیشمان دایە هەرسێ پارێزگای هەولێر – سلێمانی – دهۆك بۆ پابەندبوون و ڕێگریی کردن لە کارکردنی منداڵان و سزادانی دایك و باوکی ئەو منداڵانەی دەیانخەنە بەرکار و ئەوشوێنانەش سزابدرێن, کە کار بەمنداڵان دەکەن, بەشێك لە منداڵان لە شوێنی مەترسیدار کار دەکەن.

• بیستی نۆقەمبەر ڕۆژی ڕاگەیاندنی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی منداڵە, گرنگیی ئەو ڕۆژە چیە و تا چەند منداڵان پێی ئاشنان؟

- دیارە زۆر ڕۆژی جیهانیی تایبەت بە پێشیلکاریش بەردەوامە بەرامبەر بەمنداڵان, مەبەست لەم ڕۆژە جیهانیە بیرخستنەوەی وڵاتانە لە سەرپابەندبوون بەو ڕێکەونتامەیەو کارکردن بۆ جێ بەجێکردنی بڕگەکانی ناو ڕێکەوتننامەکەیە ئێمەش ساڵانە لە کوردستان یادی ئەو ڕۆژە جیهانیە دەکەینەوە و بە منداڵانی دەناسێنین و دایك و باوکانیش هۆشیار دەکەینەوە لە بارەی مافی منداڵ و یاداشت دەدەینە حکومەت بۆ پابەندبوون و جێ بە جێکردن, لەم چەند ساڵەی دواییش ڕەشنووسی پاراستنی منداڵان لە هەرێم ئامادەکراوە بۆ ئەوەی منداڵانی کوردیش بینە خاوەن یاسای پاراستنی تایبەت بەخۆیان.

• بە ڕای بەڕێزت چی بکرێ باشە, بۆ ئەوەی شاعیران و چیرۆکنووسان و نووسەران و هونەرمەندانی بواری منداڵان, یان ئەوانەی کار لەسەر پەروەردەی منداڵان دەکەن, یاخود چالاکوان و ئەوانەی ئیش لەسەر مافی منداڵان دەکەن, تا لێك نزیک بن و ئاگاداری بەرهەم و چالاکیی یەکتر بن؟

- لە بواری ئەدەبدا, بە ڕای من, شاعیران و چیرۆکنووسانی بواری ئەدەبیاتی منداڵان, پێویستە ساڵانە کۆنفرانس و کۆنگرە ببەستن بۆ ئاڵوگۆڕی بیر و ڕاو چۆنیەتی بەرەو پێشبردنی ئەدەبیاتی منداڵان, دروست کردنی (ئەنجومەنی ئەدەبی منداڵانی کوردستان) زۆر گرنگە, لە هەموو جیهان گرنگی زۆر بە ئەدەبی منداڵان دەدرێت, بەس بەداخەوە لای ئێمە لە ئاستی پێویست نییە, لە بواڕەکانی تریش, وەك: پەروەردە هونەر و مافی منداڵان, بۆ لێك نزیك بوونەوە, پێویستی بەبەستنی کۆڕ و کۆبوونەوەو کۆنفرانس هەیە, تاکە ڕێگەی لێك نزیك بوون و ئاگادار بوونی یەکترە بۆ هاوکاری و هەماهەنگی نێوانیان و بەرەوپێش بردنی تەواوی بواڕەکانە بۆ خزمەتی کردنی زیاتری منداڵانی کوردستان.

• بۆ بە کەلتوور کردنی خوێندنەوە, هەوڵتان نەداوە گۆڤارێکی تایبەت بە خۆبەخشییەو لەسەر توانا ماددی و مرۆییەکانی دەستەی بەڕێوەبردنە, کە ئەمەش دڵسۆزیانە بۆ منداڵان, بەڵام گوڤار و کتێب بەسەر منداڵان دابەش دەکەین لە ڕێگەی کۆکردنەوەی کتێب و گۆڤار لەلایەن خەڵکانی دڵسۆز پێیان دەبەخشن تا بیکەینە دیاری بۆ منداڵان, بۆ پێشخستنی کەلتووری خوێندنەوە لای منداڵانی کوردستان.

• چیتان کردووە بۆ منداڵانی ئاوارە, بۆ ئەوەی ئەوانیش هەست بە خۆشیی و بەختەوەریی بکەن؟

- وەکو ڕێکخراوی بەهرەمەند بۆ هۆشیاری منداڵان لەگەڵ هاتنی ئاوارە و پەناهەندەکان بە هەرێمی کوردستان, بەرنامەمان دانا چۆن بتوانین خزمەت بە منداڵانی ئاوارە و پەناهەندەکان بکەین, ئەوە بوو لەتەواوی بواڕەکانی ژیان بەرنامەی ئێمەی کوردستان لە زۆر ڕوو بێ بەشن لەتەواوی بواڕەکانی تەمەنی منداڵیبان, کە هەموو هەوڵی دڵسۆزان بۆ ئەوەیە تا منداڵانی کوردستانیش وەکو منداڵانی تری جیهان لەتەمەنی منداڵیی خۆیان ژیان بکەن و حەزو خواست و ئاواتەکانیان بێتەدی.

• چیتان کردووە بۆ منداڵانی ئاوارە, بۆ ئەوەی ئەوانیش هەست بە خۆشیی و بەختەوەریی بکەن؟

- وەکو ڕێکخراوی بەهرەمەند بۆ هۆشیاری منداڵان لەگەڵ هاتنی ئاوارە و پەناهەندەکان بە هەرێمی کوردستان, بەرنامەمان دانا چۆن بتوانین خزمەت بە منداڵانی ئاوارە و پەناهەندەکان بکەین, ئەوە بوو لەتەواوی بواڕەکانی ژیان بەرنامەی ئێمەی کوردستان لە زۆر ڕوو بێ بەشن لەتەواوی بواڕەکانی تەمەنی منداڵیبان, کە هەموو هەوڵی دڵسۆزان بۆ ئەوەیە تا منداڵانی کوردستانیش وەکو منداڵانی تری جیهان لەتەمەنی منداڵیی خۆیان ژیان بکەن و حەزو خواست و ئاواتەکانیان بێتەدی.

• چیتان کردووە بۆ منداڵانی ئاوارە, بۆ ئەوەی ئەوانیش هەست بە خۆشیی و بەختەوەریی بکەن؟

- وەکو ڕێکخراوی بەهرەمەند بۆ هۆشیاری منداڵان لەگەڵ هاتنی ئاوارە و پەناهەندەکان بە هەرێمی کوردستان, بەرنامەمان دانا چۆن بتوانین خزمەت بە منداڵانی ئاوارە و پەناهەندەکان بکەین, ئەوە بوو لەتەواوی بواڕەکانی ژیان بەرنامەی ئێمەی کوردستان لە زۆر ڕوو بێ بەشن لەتەواوی بواڕەکانی تەمەنی منداڵیبان, کە هەموو هەوڵی دڵسۆزان بۆ ئەوەیە تا منداڵانی کوردستانیش وەکو منداڵانی تری جیهان لەتەمەنی منداڵیی خۆیان ژیان بکەن و حەزو خواست و ئاواتەکانیان بێتەدی.

• چیتان کردووە بۆ منداڵانی ئاوارە, بۆ ئەوەی ئەوانیش هەست بە خۆشیی و بەختەوەریی بکەن؟

- وەکو ڕێکخراوی بەهرەمەند بۆ هۆشیاری منداڵان لەگەڵ هاتنی ئاوارە و پەناهەندەکان بە هەرێمی کوردستان, بەرنامەمان دانا چۆن بتوانین خزمەت بە منداڵانی ئاوارە و پەناهەندەکان بکەین, ئەوە بوو لەتەواوی بواڕەکانی ژیان بەرنامەی ئێمەی کوردستان لە زۆر ڕوو بێ بەشن لەتەواوی بواڕەکانی تەمەنی منداڵیبان, کە هەموو هەوڵی دڵسۆزان بۆ ئەوەیە تا منداڵانی کوردستانیش وەکو منداڵانی تری جیهان لەتەمەنی منداڵیی خۆیان ژیان بکەن و حەزو خواست و ئاواتەکانیان بێتەدی.



پار نرخەکەی 120 ملیۆن یورۆ بوو بایرن بە 50 ملیۆن یورۆ توانی سانی بگوازێتەوە ریزەکانی



یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی لەگەڵ یانەی مانچستەر سیتی ئینگلیزی گەشتە ڕێککەوتێک سەبارەت بە گواستنەوەی لیرۆی سانی بۆ باڤاریا. ڕۆژنامەی بیتڵدی ئەڵمانی ڕوونی کردەوە دوای گفتوگۆیەکی دوورو درێژ، یانەی بایرن خەونەکەی لەبارەی سانی-یەوە هاتەدی، کە نرخەکەی لە 50 ملیۆن یورۆ تێپەڕناکات، کە سااڵی پار یانە ئینگلیزییەکە داوای 120ملیۆن یورۆی دەکرد، واتە 70ملیۆن لە نرخەکەی کەمبوونەوە، بەمەش سانی بۆ ماوەی 5ۆەرز یاری بۆ بایرن دەکات بەرامبەر 20ملیۆن یورۆ مووچەی سااڵنە.

ڕاوێژکاری وەرزشی مستەفا کازمی تووشی کۆرۆنا بوو

سەرچاوەیەک لە یەکێتی تۆپی پێی عێراق باڵوێکردەوە کە ئەیاد بنیان سەرۆکی دەستەی ئاسایی کردنەوەی لە یەکێتی تۆپی پێی عێراق تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووە.
ئەو سەرچاوەیە ڕایگەیاندووە ئەیاد بنیان ڕاوێژکاری وەرزشی مستەفا کازمی سەرۆک وەزیرانی عێراقە و دوای ئەوەی تەندروستی ئەو ئەندامە ناجێگیر بوو، گەیەندرایە نەخۆشخانەو دوای پشکنینیش دەرکەوت کە هەڵگری ئەم ڤایرۆسەیە، و ئێستا لەنەخۆشخانە لەژێر چاودێری دایە، سەرچاوەکە ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە بارودۆخی زۆر مەترسیدار نییە.





رۆنالدۆ
بە ستایلیکی تازەوە دەردەکەوێت

کریستیانۆ رۆنالدۆی ئەستێرەی هەڵبژاردەی پرتوگال و یانەی یۆڤینتۆسی ئیتاڵی لە ئینستاگرامی تایبەت بەخۆی بەوێنەیەک هەواداران خۆی بەسەرکردۆتەوە و بەوێنەیەک کە ستایلێکی تازەی قژی نمایش کردووە، بەشێوەیەک کە زۆر سەرنج ڕاکێشە.
کریس وێنەیەکی خۆی بە ستایلێکی تازەوە لەگەڵ خوان کوادرادۆی کۆڵۆمبی لە ئینستاگرام باڵاوکردۆتەوە و لەژێر وێنەکە نوسیویەتی: ڕاتان چۆنە بەم ستایلە تازەی وەک بانیتای برام؟
هەوادارانی ئەستێرە پرتوگالیەکە لەسەر بنەمای پشتیوانی و بەرهەڵستی بوونەتە دووبەش و ڕای جیاواز و کۆمینتی جۆراوجۆریان بۆ نوسیوە.

بەرشلۆنە
لە نازناوی لالیگا دوور دەکەوێتە

یانەی بەرشلۆنە دوای بەرامبەر بوونی لەگەڵ یانەی ئەتلەتیکۆ مودرید بە ئەنجامی 2-2گۆڵ، هەنگاوێکی گەورە لە نازناوی خولی تۆپی پێی ئیسپانیا دوور دەکەوێتەوە.
یانەی بەرشلۆنە لە کاتێکی هەستیاردا لەناو یاریگای خۆی نەیتوانی سێ خاڵی یاریبەکەی بەرامبەر یاریزانانی سیمیۆنی مسۆگەر بکات و ژمارەی خاڵەکانی گەیاندە 70خاڵ و زیاتر لە ریال مەدریدی پێشەنگ دوورکەوتەوە کە ڕۆژی پێنج شەممە یاریبەکی ئاسانیان هەیە بەرامبەر یانەی گیتافی، بەم ئەنجامە خراپەش فشارەکان بۆ سەر کیکی سیتینی ڕاهێنەری بەرشلۆنە زیاتر دەبێت لە دوورخستنەوە و پێدەچێت لە چەند کاتژمێری داهاتوودا بڕیاری دوورخستنەوە یان دەستلەکارکێشانەوەی ڕابگەیەندرێت.

جاریکی تر مێسی داوای گەڕانەوەی نایمار دەکات

ڕاپۆرتە هەواڵەکانی وەرزشی لە ئیسپانیا باڵاویان کردەوە کە مێسی کاپتنی یانەی بەرشلۆنە فشارێکی زۆری کردۆتە سەر دەستەی کارگێڕی یانەکە لەپێناو گەڕاندنەوە نایمار لە ماوەی گواستنەوەی داهاتوودا.
بەگوێرەی هەواڵەکانیش مێسی ئامادەیە دەستبەرداری سێ لە هێرشبەرانی بەرشلۆنە بێت لەپێناو گەڕاندنەوەی نایمار بۆ کامپ نو، ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەو سێ یاریزانە کردووە کە مێسی دەیەوێ دەستبەرداریان بن ئەوانیش ئەنتوان گریزمان و مارتن برایتوایت و عوسمان دیمبلی.

ئینتەر
دریسە تازەکەی نمایشکرد

یانەی ئینتەر میلان لە پێگەی فەرمی خۆی دریسە تازەکەی یانەکەی بۆ وەرزی 2020-2021ڕایگەیاند کە کۆمپانیای بەناوبانگی نایکی ئەمریکی تایبەت بە جل و بەرگی وەرزشی بەرهەمی هێناوە.
ئینتەر لە پێگە فەرمییەکەیدا دریسە تازەکەی نمایش کردووە کە بۆتە مایەی مشتومڕی هەوادارانی ئەو یانەیە، چونکە دیزاینەکەی زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ دریسەکانی پێشووی یانەکە، دریسی سەرەکی بریتییە لە ڕەنگی شین و ڕەش، ئەمە تا ئێرە ئاساییە، بەڵام ڕەنگەکان بەشێوەی ستوونی دیزاین کراوە نەوەک ئاسۆیی، هەروەها دریسە یەدەگەکەش ڕەنگی زەردە.

مێسی ژمارەی گۆڵەکانی گەیاندە 700گۆڵ

لیۆنیل مێسی بە تۆمارکردنی گۆڵێک لە یاریەکەی بەرامبەر ئەتلەتیکۆ مەدرید لە خولی ئیسپانی، ژمارەی گۆڵەکانی کردە 700گۆڵ.
گەوهەرە ئەرژەنتینییەکە دوای ئەوەی گۆڵی دووەمی یانەکەی بە لێدانی پەنارتی لەبەرامبەر ئەتلەتیکۆ مەدرید لە خولی ئیسپانی تۆمار کرد، ژمارەی گۆڵەکانی گەیاندە 700گۆڵ لە میۆزووی یاریکردنی لەگەڵ بەرشلۆنە و هەڵبژاردەی ئەرجەنتین. بەشێوەیەک 630 گۆڵ لەگەڵ یانەکەی و 70گۆڵیش لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی.
ژمارەی یاریەکانی مێسی و ڕێژەی گۆڵەکانی بەم شێوەیە دابەشبووە:
100گۆڵ لە 210یاری
200گۆڵ لە 332یاری
300گۆڵ لە 418یاری
400گۆڵ لە 525یاری
500گۆڵ لە 632یاری
600گۆڵ لە 747یاری
700گۆڵ لە 862یاری

کۆیمان خەون بەوەدەبینێ ببێتە ڕاهێنەری بەرشلۆنە

زۆرینەی هەوادارانی یانەی بەرشلۆنە ئەوە ڕەتدەکەنەوە کە کیکی سیتین وەک ڕاهێنەری یانەکە لە وەرزی داهاتوودا بەردەوام بێت و پێیان وایە لەم چەند مانگەی ئەو ئەرکەی پێ سپێردراوە هیچ شتێکی زیادنەکردووە. لەم سەروبەندەشدا ڕۆنالد کۆیمانی هۆڵەندی و ڕاهێنەری هەڵبژاردەی هۆڵەندا دانی بەوەداناوە کە خەون بەوەوە دەبینیت کە ببێتە ڕاهینەری یانەی بەرشلۆنە، لەهەمان کاتیش ئەوەی ڕەتکردەوە کەلەم کاتەدا ئەم ئەرکە لە ئەستۆ بگرێت ئەویش بەهۆی وابەستەبوونی بە هەڵبژاردەی هۆڵەندا لە پاڵەوانێتی یورۆی ئەوروپا. جێی باسە هەر ئەو ڕاهێنەرە ئامادەیی نیشانداوە تەنها بۆ یەک وەرز ئەرکی ڕاهێنەرایەتی یانەی بەرشلۆنە وەرگرێت و دواتر بگەڕێتەوە بۆ ڕابەرایەتی کردنی مەشقەکانی هەڵبژاردەی هۆڵەندا، دەنگۆی ئەوەش هەیە کە گفتوگۆ لەنێوان ئەو ڕاهێنەرە و کامپ نودا کراوە بەڵام هیچ ئاشکرانەکراوە.

فێرگەی تۆپی پێی هیوا
وێستگەیەکی وەرزشی بۆ پەروەردە و پێگەیاندنی نەوەکانی دەڤەری ڕاپەڕین



خەبات:

فێرگەی تۆپی پێی هیوا ساڵی 2013لەسەر دەستی چەند مامۆستایەکی خۆبەخش و خەمخۆری وەرزش و بە ئامانجی پەروەردە کردن و پێگەیاندنی نەوەیەکی وەرزشی و ئەکادیمی لە شاری ڕانیەی خۆشەویست دامەزرا.،ئەم فێرگەیە کە لە ئێستادا خاوەن مۆڵەتی فەرمیە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، چەندین نەوەی ئەم شارە لەم ئەکادیمیایە لەژێر سەرپەرشتی مامۆستایانی پسپۆڕی وەرزشی و ئەکادیمی وانەی وەرزشی و پەروەردەییەکان دەخوێن بە پراکتیکی و زانستی.

فێرگەی تۆپی پێی هیوابەشداری چەندین خولی کوردستانی کردووە لە خولی فێرگەکانی تۆپی پێی کوردستان لەسەر ئاستی هەموو فێرگەکانی کوردستانیش بەشداری پاڵەوانیەتی کردووە لە شاری دهۆک و هەولێر و دهبەرنەدیخان و ڕانیە و سلێمانی





و خاوەن چەند دەستەکەوتێکی گرنگە، لە بەرواری 2020فێرگەی تۆپی پێی هیوا . بەفەرمی بڕوانامەی فێرگەکانی لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی پێ بەخشرا .

ئەم فێرگەیە یەکەمین میوانخانەی، لەسەر ئاستی کوردستان وعێراق دروست کردووە بۆ خزمەتکردنی میوان لەشارەکانی کوردستان وعێراق کە سەرجەم یانەکان و فێرگە و تیپەکان، کە لە شارەکانی کوردستان وعێراق سوودمەند بوونە لەو میوانخانەیە، فێرگەکە بەسەر چەند قۆناغێک دابەشکراوە کە فێرخواز بۆ ئەوەی سوودمەند بێت بەسەر چوارقوناغ دابەش کراون تا بەشێوازی زانستی فێربن، هەروەها 5مامۆستای خۆبەخش خزمەت دەکەن کە هەموویان خاوەنی بڕوانامەی زانکۆیین.

زۆرینەی تۆکیۆ نارازین لەمێواندارى کردنى ئۆلۆمپیاد

لە ڕاپرسییەکدا نیوەی دانیشتوانی شاری تۆکیۆ بەرهەڵستی میوانداری کردنی پایەتختی ژاپۆن دەکەن بۆ یارییەکانی ئۆلۆمپیادی 2012کە بڕیار بوو ئەمساڵ بەڕێوەبچووبایە، بەڵام لەبەر بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ، ئۆلۆمپیادەکە دواخرا بۆ ساڵی داهاتوو.

هەفتەی ڕابردوو دوو دەزگای میدیایی ژاپۆنی ڕاپرسییەکیان لەنێو دانیشتوانی تۆمیۆ کردووە سەبارەت بە پشتیوانی و بەرهەڵستی کردنی میوانداری ئۆلۆمپیاد ئەنجامدا، لەو ڕاپرسییەدا 57.1%ی دەنگدەران لەگەڵ ئەوەبوون کە ئۆلۆمپیادەکە جاریکی دیکەش دوابخرێ یاخوود هەر بەیەکجاری ڕەتبکرێتەوە، لەبەرامبەردا 46.3%لەگەڵ ئەوەبوون تۆکیۆ ئەو میوانداریە لەخۆبگرێت، لەنێو ئەو دەنگانەی بەرهەڵست بوون 27%یان داوایان دەکرد کە ئۆلۆمپیادەکە ڕەتبکرێتەوە.



as: بنزیما پاڵەوانی ڕاستەقینەی لالیگایە

ڕۆژنامەی asی مەدریدی ڕاپۆرتێکی لەبارەی کەریم بنزیمای ئەستێرەی فەرەنسی و یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی بڵاوکردۆتەوە و بەوە وەسفی کردووە کە بنزیما پاڵەوانێکی ڕاستەقینەی خولی ئیسپانیایە لەم وەرزەدا.

ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەوەداوە کە بنزیما بەشداری لە 24 گۆڵی لە لالیگادا کردووە و توانیوەتی 17گۆڵ تۆمارکات و 7پاسی دروست بدات، واتە گۆڵێک لەهەر یارییەکدا، بەشێوەیەکی گشتی ئەم ئەستێرەیە بەشداری لە 32گۆڵ و تۆمارکردنی 22گۆڵ کردووە و بەمەش بە پاڵەوانی لالیگا ناوی بردووە.



جۆ هارت: ریال مەدرید داوای لێنەکردووم بۆ شوێنگرتنەوەی کۆرتوا

ڕۆژنامەی (ئاس)ی ئیسپانی ئاماژەی بەوەداوە کە جۆ هارتی گۆڵچی یانەی بێرنلی ئینگلیزی کە 30ی حوزەیران گرێبەستەکەی کۆتایی هات، ئەو هێشتا لەتەمەنێکدایە کە دەتوانێت زیاتر تواناکانی پێشکەش بکات چونکە ئەو هێشتا گەنجە. ڕۆژنامەکە ئەوەشی ڕاگەیاندووە کە جۆ هارت ئێستا گۆڵچییەکی ئازادە و لەهیچ یانەیەکدا نییە یاری بکات، هەروەها ئەوەشی ئاما1ە پێکردووە کە یانەی ریال مەدرید داوای لێکردووە وەک شوێنگرەوەی تیبۆ کۆرتوا بچێتە ئەو یانەیە، بەڵام جۆ هارت ئەوەی ڕەتکردۆتەوە یانەی شاهانە پەیوەندییان پێوە کردبێت و ڕایگەیاند کە ئەو هیچ داوایەکی لەمشێوەیەی ئاراستەکرابێت.

لە هاڵ پارێزاو دەبین

خەبات XEBAT

Thu.2 Jul. 2020 No.:(5966)

KHABAT info@xebat.net www.xebat.net

Daily Newspaper Kurdistan - Iraq Organ of KDP

Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla


سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر
بۆ رێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616



هونەرمەندان گۆرانی بۆ بەرەنگاربونەوەی کۆرۆنا دەڵێن

بەشێک لە هونەرمەندان لە کلیپێکی نوێدا بەمزوانە گۆرانی بۆ بەرەنگاربونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەڵێن، تێکستی گۆرانیەکە لەلایەن مازیار فایەق ئوسراوە، ئاوازەکەی لەلایەن ئاریۆسەوە نوسراوە، بڕیار فەتاح کاری دەرهێنانی بۆ ئەنجامداوە.

هونەرمەدان مەبەستیانە لەرێگەی ئەم کلیپەوە هاونیشتیمانیان لە مەترسی بڵاوبونەوەی پەتای کۆڤید19- ئاگادارێکەنەوە و هۆکاربن بۆئەوەی هاوڵاتیان رێپاییەکانی خۆپارێزی جێبەجێبکەن.



شنیار گۆرانی(لۆمە)ی کلیپ کردوو بڵاوی دەکاتەوە

سلێمانی - وریشە عومەر: خاتونی گۆرانی بێژ شنیار دەرچوی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانیە بەشی میوزیک ماوەی ساڵێکە خەریک کاری هونەری گۆرانی بێژیە شەوانە لایڤ میوزیک دەکات لە ڕیستۆرانەکانی شاردا ئێستا خەریکی کلیپ کردنر یەکەمین بەرهەم ی خۆیەتی،بەناوی (لۆمە) دەرهێنەری گۆرانیەکەی شنیار،وێنەگر ناسیح عەلی خەیات بەخەباتی گوت:ئەم گۆرانییەی شنیار بەم شێوەیە کاری بۆکراوە: ناوی گۆرانی(لۆمە) لە ئاوازی : شنیار نەجیب و تێکست: حەمەی حاجی کەمال و موزیک و ئارێنج:هادی موڕادی و دەرهێنان و وێنەگرتن و فۆتۆ ناصح علی خەیات،لۆکێشنی کارەکە لەباکوری گەرمیان تۆمارکراوە لە هەردوو گوندی خوێلین و مەملەحە لەناوچەی زەنگە سەربە ناحیەی سەنگاو،کەوابڕیارە بەم نزیکانە بڵاوبکرێتەوە.

فۆتۆ: ناسح عەلی خەیات

دلیان جافۆ بەرهەمێکی نوێی بڵاوکردەوە

دلیان جافۆ، خانمە گۆرانیبێژی ڕۆژئاوای کوردستان، نوێترین ڤیدیۆکلیپی خۆی بەناوی «وەرن دیلانێ» بۆ هۆگرانی میوزیک و گۆرانیی کوردی بڵاوکردەوە.ئەم بەرهەمە لە تێکستی دڵفڕاتە و لە ئاوازی عەلی شنگالییە، ڕاجیف چاندی کاری دەرهێنانی بۆ ڤیدیۆکلیپەکە کردووە.دلیان جافۆ، خەڵکی عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستانە و لە دیمەشقی پایتەختی سووریا لە دایکبووە، لە تەمەنی نۆ ساڵییەوە گۆرانی گوتووە و لە 2009 لەگەڵ ماڵباتەکەی ڕووی لە دانیمارک کردووە. ئەو خانمە هونەرمەندە خاوەنی چەندین گۆرانی و ڤیدیۆکلیپە لەوانە «ڕۆژ باش کۆبانێ»، «عەفرین» و «لومە» و چەند بەرهەمێکی دیکە.





گۆرانیبێژێکی عێراقی ناسراوە و لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی ناوبانگی هەیە و خاوەنی چەند بەرهەمێکە.ئەحمەد رازی، خاوەنی تاکە گۆڵی عێراقە لە مێژووی مۆندیالدا کە لە مۆندیالی 1986 بەرامبەر بەلجیکا بۆ هەڵبژاردەکەی تۆماری کرد و بەربژێری بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆکی یەکێتیی تۆپی پێی عێراق بوو، بەڵام کۆرۆنا ڕێگەی نەدا لە ژیان بەردەوامبێت.پێشتر دکتۆر سەڵاح ئەلعەزی، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی ئەلنوعمان و سەرپەرشتیاری تایبەتی چارەسەری ئەحمەد رازی، ڕاگەیاندبوو «تەندروستی کاپتن لە شەودا زۆر باش بوو، بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ وەزیری تەندروستی و خانەوادەکەی کرد، بەڵام بەیانییەکەی زوو لە خەو هەستاوە و چووەتە توالێت، بەڵام ئامێری هەناسەدانی لابردووە، زۆر دواکەوتووە، کە بەدوایدا چوونە، دەبینن لە هۆش خۆی چووە، زوو بردوویانەتە بەشی فریاگوزاری سەرەتایی، بەڵم بەداخەوە لە ماوەی نیو کاژێردا، واتە لە کاژێر 7:15 تاوەکو 7:45 خولەک، کاپتن ئەحمەد گیانی سپاردە».

ئیلهام مەدفەعی گۆرانییەک پێشکەش بە گیانی ئەحمەد ڕازی دەکات



هەمزە سەرحان

ئیلهام مەدفەعی، هونەرمەندی گۆرانیبێژی کورد، بەرهەمێکی نوێی بڵاوکردەوە و پێشکەشی بە ڕووحی ئەحمەد رازی، یاریزانی کۆچکردووی عێراقی کردووە.ئەم بەرهەمە بەناوی «لن ننساك»ـە و لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەمی پارچە شیعرێکە بە دەنگی ئەو هونەرمەندە و بەشی دووەمیشی گۆرانییەکە کە شیعرێکی نزار قەبانییە و باس لە بەغدا دەکات.ئەحمەد رازی، نەستێرەی پێشووی تۆ پی پێی عێراق، لە 13ی حوزەیرانی ئەمساڵ تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوو، ڕۆژی 21ی حوزەیران لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی بەغدا گیانی لەدەستدا. ئیلهام مەدفەعی لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمە نووسیویەتی: «بۆ ئازیزیم ئەحمەد رازی، لەبیرت ناکەین و بەردەوام لە دڵدا دەمێنیتەوە». ئیلهام مەدفەعی ساڵی 1942 لە دایك و باوکێکی کورد لە دایکبووە و وەك

چۆن لەکاتی وەرگرتنی دیلیڤەریدا خۆمان بە دووربگرین لە ڤایرۆسی کۆرۆنا؟

دەستکێش و ماسک بەکاربهێنە لە کاتی وەرگرتنی دیلیڤەریەکەدا

هەوڵبدە هیچ بەریەککەوتنێکت لەگەڵ بەرامبەردا نەبێت

ئەو کیسەیەی کاڵاکانی تێدایە بە وریاییەوە فڕێ بدە

ئەو کیسەیەی کاڵاکانی تێدایە بە وریاییەوە فڕێ بدە

پاشان دەستکێش و ماسکەکەت بە وریاییەوە دابکەنە و دەستەکانت بۆماوەی 20 چرکە بشۆ

#پابەندین

www.gov.krd

پێکەوە ڕووبەڕووی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەبینەوە